http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.46

# نوێگەری لە شیعری پیرەمێرددا

فوئـاد حسێن ئەحمەد
زانكۆی گەرمیان-كولیژی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەكان-بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی

هەڵبەتە پیرەمێرد بە یەكێك لە گەورە شاعیرانی نوێگەری كورد دێتە ئەژمار، بەوپێیەی خاوەنی ئەزموونێكی تایبەتە لەبواری زانست وئەدەب بەگشتی لە بواری شیعری كوردیدا بەتایبەتی، هەربۆیە لە مێژووی ئەدەبیماندا جێگەو پێگەی دیاری بۆ تەرخان كراوە. پیرەمێرد لەهەموو قۆناغەكانی تەمەنیدا بەردەوام لە هەوڵ وكۆششی بێ وچاندابووە بۆ خزمەتی میللەتەكەی بۆ یەك ساتیش وچانی نەداوە، بەكاری زانستی ورۆژنامەگەری و تازەگەری لە بواری شیعرو ئەدەبدا، خزمەتی گەورەی بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كورد بەخشیووە.

## ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە :

وەك دیارە ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە (نوێگەری لەشیعری پیرەمێرد )دا، كە ئەمەش دوو لایەنی سەرەكی لەخۆ دەگرێ، ئەوانیش چەمك و پێناسە و ڕەوتی سەرهەڵدانی( نوێگەری لە شیعردا )و پاشان نوێگەری لای ( پیرەمێرد )ی شاعیر.

## هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەكە :

گرنگترین هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە پیرەمێرد بە یەكێك لە ڕابەرانی نوێكردنەوەی شیعریی كوردی لەقەڵەم دەدرێ، بەوپێیەی لەزۆر لایەنی ئەدەبیاتی كوردی ڕۆڵی دیارو بەرچاوی گێڕاوەو بەتایبەت لە شیعردا جێ پە نجەی دیارەو توانیویەتی شوێنێكی تایبەت لە مەیدانی نوێگەریی شیعرییدا بۆخۆی بكاتەوە. هەربۆیە بە شیاومان زانی ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەت بكەین بەو باسە و سەرەتاكانی سەرهەڵدانی نوێگەری لە شیعری كوردیدا.

## ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :

بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەكە ڕێڕەوێكی زانستی و ئەكادیمی بگرێتەخۆ، بەپێویستمان زانی پشت بە ڕێبازی (وەسفی – شیكاری) ببەستین، تا بتوانین لەو ڕێگەیەوە سیمایەكی ئەكادیمییانە بە ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە ببەخشین و هاوكات بە پێی پێوەرە زانستییەكان كارەكە بگەیەنینە ئە نجامی خۆی.

## سنووری لێكۆڵینەوەكە :

لە پێناو ئەوەی بەشێوەیەكی ڕێكوپێك كارەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەنجام بدەم ، پێویستم بەوە بوو، كە هەر لەسەرەتاوە سنوورێك بۆ لێكۆڵینەوەكەم دەستنیشان بكەم ، بۆ ئەوەش سنووری لێكۆڵینەوەكەم تەنها ئەو نمونە شیعرییانە دەگرێتەوە، كە لە دیوانی پیرەمێرددا هاتوون.

## پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە :

جگە لە پێشەكی و پوختەی ئەنجام ولیستی سەرچاوەكان كە بەپێیی ڕێڕەوی نوسین لە كۆتای لێكۆلینەوەكەدا دێن، لێكۆڵینەوەكەم پێكهاتووە لە دوو بەشی سەرەكی، كە هەریەك لەو بەشانەش بەسەر چەند تەوەرو لاتەوەرێكدا دابەش بوون.

**لە بەشی یەكەمدا بە جیا باس لە چەمك و پێناسەی نوێ و نوێگەریی كراوە، كە كورتەیەك لە بارەی نوێگەری لە شیعردا باسكراوەو دابەش بووە بۆسەر دوو تەوەرە. تەوەرەی یەكەم چەمك وپێناسەی نوێگەری وتەوەرەی دووەم ریگاكانی نوێگەری لە شیعردا كە لە ( زمانی شیعری و وێنەی شیعری ومۆسیقای شیعری و رەمزو ناوەرۆك )دا ئاماژەی پێ كراوە.**

**بەشی دووەم تەرخانكراوە بۆباس لە سەرەتاكانی نوێگەری لەشیعری كوردیداو دابەش دەبێت بۆ دووتەوەرە، هەرچی تەوەرەی یەكەمە خستنەڕووی لایەنەكانی ژیان وبەرهەمی پیرەمێردە، بە پێی قۆناغەكانی ژیانی و تەوەرەی دووەمیش باس لە دەركەوتەكانی نوێگەری دەكات لای پیرەمێردو هێنانەوەی نمونەی شیعری لە شیعرەكانی پیرەمێردا.**

## گرفتی لێكۆڵینەوەكە :

**ئەم لێكۆڵینەوەی ئێمەش وەك هەموو لێكۆڵینەوەیەكی تری زانستی بێ كێشەو گرفت نەبوو، یەك لەو گرفتانەی كە لەكاتی كاركردن هاتە پێشم ، نەبوونی سەرچاوەی پێویست بوو سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم بەسەر ئەو كێشەو گرفتانەدا سەركەوم و كارەكە تەواو بكەم.**

## گرنگترین سەرچاوەكان :

**لە درێژەی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی جیاجیام بەكارهێناوە، ئەمەش لە پێناو پشتڕاستكردنەوەی ئەو بۆچوون و زانیارییانەی كە خستوومەتەڕوو، بۆ ئەوەش لە پەراوێزو دواتریش لە لیستی سەرچاوەكاندا ئاماژەم پێداون. گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەكی بەرچاو سوودم لێوەرگرتوون، بریتین لە دیوانی( پیرەمێرد ) لەنوسینی( محمد رسول( هاوار ) )، هەروەها كتێبی ( ئاسۆ عمر مستەفا ) بەناونیشانی( بەها ئیستاتیكییەكانی شیعر ).**

**هیوادارم كارەكەم بایەخی خۆی هەبێت وتوانیبێتم كەمێ خزمەت پێشكەش بكەم و بەم كارە موتەوازیعانەی خۆم توانیبێتم بەشێكی كەمی رۆڵی پیرەمێردی شاعیرم لە بواری نوێگەری خستبێتە روو وە جێگەی ڕەزامەندی بێت و داوای لێبوردن لە كەم و كورتییەكان دەكەم .**

## بەشی یەكەم
## نوێگەری لە شیعردا

**كاتێك ئەدەب بەگشتی و بەتایبەت شیعر ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی وكۆمەڵایەتی وئایدۆلۆژی وئابوری ورۆشنبیری كۆمەڵ بێت، ئەو كات شاعیر دەبێت شانبەشانی هەنگاوەكانی ئەو گۆڕانكارییانەی سەرهەڵدەدەن، نوێگەربێت و لەڕەوتی ئەو گۆڕانكاریانە بە جێ نەمێنێت ((بێگومان شیعر لەزۆر كاتدا زەمینەی بۆ گۆڕانی كۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادەكردووە))[1]. واتە شیعر لە گەڵ ڕەوتی گۆڕانكارییەكاندا هەنگاودەنێت وخۆی نوێ دەكاتەوە، زۆرجار ئەدەب بەگشتی دەبێتە سمبولی ئەو گۆڕانكاریانە كە ئەمەش دەركەوتنی تەوژمی نوێگەری بەرجەستەدەكات لەو بوارەدا بە ئاشكرا كاریگەرییەكان دەبنە فاكتەری بەهێزی سەرهەڵدانی نوێگەری.**

**ڕەنگدانەوەی ژیان لەئەدەب و بەتایبەت لە شیعردا، وادەكات ئەدەب بەشێكی دابڕاو نەبێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرجەم كایەكانی ژیانەوە هەبێت لەم بارەیەوە شیللی( ١٧٩٢-١٨٢٢ ) لە كتێبەكەیدا( بەرگری كردن لە**

[1]- پیتەر هاڵبێرگ ودانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی٢٠١٠، ل١٨٧

هۆنراوە)دا دەڵێ: ((شیعر وێنەیەکی زیندووی وشەدارە، وێنەی ژیان بەهەمووسیحرو جوانی یەکەوە ئەگرێ، هەروەها دەربڕینێکی پوخت وڕاست وڕەهایە(مگلق) بنکەی زانیاری وئاوێنەی ژیانی تەواوی مرۆڤایەتییە...ئەتوانین تیایدا بوونی زانیاری نهێنی ژیان هەست پێبکەین، چونکە شیعر تۆمارگەیەکی نەمری زانیارییە بەهەمووشێوەکانی یەوە))[2]، ئەگەر سەرنج لەم پیناسەیەی شیللی بدەین دەبینین شیعری بەستۆتەوە بەژیان وگۆڕانکاریەکانی ژیانەوە، دیارە هەموو گۆڕانکارییەك، پەیامی نوێگەری بۆ سەردەمی خۆی لە هەگبەدایە، بەم پێیە دەتوانین نوێگەری وەك چەمكێكی زیندوو بە قۆناغەكانی گۆڕانكاری ڕوخسار وناوەڕۆكی شیعرەوە گرێ بدەین

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەتایبەت سەدەی پازدەهەم کە بەسەردەمی جوڵانەوەی بیری پێشکەوتن خوازی و دژایەتی کردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ئەژماردەکرێت، فاکتەری بەهێزی ئەو جوڵانەوەیە بەپلەی یەکەم بۆ دەربازبوون بوو لەو واقیعە کۆمەڵایەتی وئابورییەی ژیانی تاڵی بۆ تاکی ئەوروپی فەراهەم کردبوو، چینێکی ڕۆشنبیر سەری هەڵدا، کە لە هەوڵی گەشە وپێشخستنی ئەوروپادا بوون لە ڕووی مادی وفیکرییەوە، ئەمانە سودیان لە پێشکەوتنی زانست وپیشەسازی وتێۆرە فەلسەفییەکان وەرگرت بۆ ڕزگاربوون لە چینی دەرەبەگ وڕژێمی دەرەبەگایەتی، بێگومان ئەدەب بەتایبەت شیعر ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تازە دەبێت کە سەری هەڵداوە، بەمەش نوێگەری سەرهەڵدەدات، پاشان سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری((وەکو قۆناغێك بەر لە ڕۆمانسییزم دەورێکی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری ئەوروپادا گێڕا))[3]، چونکە سەرهەڵدانی ڕێبازێکی ئەدەبی،((هەڵگری تایبەتێتی سەردەمێکی دیاریکراو دەبێت و بارودۆخی کۆمەڵایەتییەکان وشێوازی ژیان و ڕووداوە گەورەکان کاریگەرییان بەسەر هاتنەکایەو گەشەسەندن...دەبێت))[4]. بۆیە سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسییەت گرنگترین بزووتنەوەی نوێی ئەدەبی بوو لە مێژووی ئەدەبی ئەوروپادا کە بەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی نوێگەری و ڕێخۆشکردن بۆ نوێخوازی لەشیعردا، هەروەها بە دەروازەی یەکەمیش دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازەئەدەبییەکانی تر ((ڕۆمانسیزم شۆڕش بوولە ئەدەبدا، ئەم شۆڕشە هەروەك لە هەست وسۆزی ئەدیبەکانا دەردەکەوت لەبیروباوەڕی کۆمەڵایەتیشیانا ڕەنگی ئەدایەوە))[5]، کامیل حسن بصیر لەبارەی نوێی بەرهەمی ڕۆمانسیزمەوە دەڵێت:((وێژەی ڕۆمانیزم بە چەشنێکی سروشتی و دوور لە سونعەتکاری وپلانی دروستکردنی بەئەنقەست، لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە هەستیارانی سەرفراس و عاشقانی ئازادی و گوێڕایەڵی چەژەی کەسی دا وەکو تیشکی خۆری زەرد لە جیهانی ئەندێشەی بەرزو هەڵچوونەوە بە گوڕ سەری دەرهێناو بەرهەمێکی نوێ بەرامبەر بە وێژەی کلاسیزمی دا بەدەستەوە))[6]، هەروەها ((شتێکی ئاشکرایە کە ئەم جۆرە ڕێبازە نوێیانە لە ئەدەبا هەر لە چوارچێوەی سنوری ئەو وڵاتەدا نامێنێتەوە کەتیایا لە دایك بووە، بەڵکو پەلوپۆ دەهاوێ و سنوردەبڕێ وخۆی دەگەیەنێتە هۆش و بیری هەموو ئەوانەی پێشوازی لێ دەکەن))[7]، بەم پێیە نوێگەری لە بواری ئەدەبدا ڕاستەوڕاست نوێگەرییە لە بواری شیعردا،((نوێگەری لەشیعردا بەمانای (داهێنان و تێپەڕاندن بەسەر پێشوودا، مەبەستیش

---

[2]- شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، مگابع تعلیم العالی ، اربیل ، ١٩٨٩،ل٢٤

[3]-د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر٢٠١٤،ل٦٩

[4]- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان٢٠٠٧،ل٣٠

[5] - مستەفا ساڵەح کەریم، باخێك لە وشە گەشتێك بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێرددا، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران،٢٠١٤ل١١٣

[6]-کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،١٩٨٢،ل٦٢

[7]- مستەفا ساڵەح کەریم، باخێك لە... ،ل١١٤

تێپەڕاندنی تەقلیدەو پەیوەست نییە بەزەمەن وتێڕوانینی بۆ شتەکان نوێ بێت ولەدەربڕینیشدا ڕەنگدانەوەی نائاسایی بێت)، واتە نوێگەری پەیوەست نییە بەمەرجی زەمەنەوەو داهێنانی بەردەوامیش دەق دەخاتە بەردەم پرۆسەی جیاوازی))[8]، پرۆسەی جیاوازی مەبەست پێی داهێنان وگۆڕانکارییە واتە سەرهەڵدانی جیاوازی لە شێوە وناوەڕۆکی دەقدا، "جان کۆهن" کاتێ دەقی نوێ دیاری دەکات، ڕای وایە، کە((لادانێکی دیاریکراو وچاوەڕوانکراوەو وا لە شێواز دەکات کە زمانێکی تر بێت لە ناو زمانی گشتیدا))[9]، بەم پێیە((جیاکاری لە نێوان کۆن ونوێدا دەڕەخسێنێ، بەڵام لەهەمان کاتدا دەقی کۆن ڕەتناکاتەوە وئاماژە بەجۆرێك لە هەڵمژین دەدات و ڕویەکی نوێ بەدەق دەبەخشێت، واتە شاعیری نوێگەر، بانگەوازی شۆڕشی نوێگەری دەکات))[10]، هەر بۆیە کاتێ پرۆسەیەك بە نوێگەری لە قەڵەم دەدرێت لە بواری شیعردا، مانای جیابوونەوەی تەواوەتی نییە لە کەلەپوور وبەرهەم وبابەتی کۆن، ((بەڵکو چاکترە کە بووترێت هەر نوێکردنەوەیەك، بازدانێکە بەسەر کۆن و لە هەمان کاتیشدا داهێنانێکی گشتییە، هەرچەندە زۆر بەرهەمی نوێ هەیە، تەنها بە شێوە دەدرێتە پاڵ نوێخوازییەوە...هەوڵی نوێخوازی لە ڕەوتی مێژووی گەشەسەندنی کۆمەڵ جیا نییە، بەڵکو بەندە بە کێشەی چینەکانەوە، بەڵام سەرباری ئەوەی بە ڕەوت و جموجوڵی کۆمەڵگاوە پەیوەستە، کەچی بە بێ بەرەنگاربوونەوە نەبووە، کە جارێك بە توندی و جارێکی دیکەش بە نەرمی بووە، لەبەرئەوەیە هەمیشە لە کۆشش وهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆی بەرەنگاری کۆمەڵ لەو شەپۆڵە نوێخوازییانە))[11].

کێشەی نێوان کۆن ونوێ و چینەکانی کۆمەڵ بە درێژایی کاروانی مرۆڤایەتی هەبووە وهەمیشە سەرهەڵدانی نوێ بەئاسانی دەرگای لە ڕوو نەکراوەتەوە، ((لەبەر ئەوە شیعر و ئەدەبیاتیش لایەنێکی زیندوو و کاریگەری ژیانی هەر میللەتێکن، بۆیە ئەوانیش دەکەونە ژێر یاساکانی گۆڕان وپەرەسەندن و لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەر قۆناغێکدا بەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دێن دەگۆڕێن و پەرەدەسێنن، لەبەر ئەوە دەبینین کێشەی نێوان کۆن ونوێ حاڵەتێك نییە تەنها تایبەت بە میللەتێکی دیاری کراوبێت))[12].

یاخیبوونی شاعیرە نوێخوازەکان لە شێوازی کۆنی شیعر، هاوکات بوو لەگەڵ گرنگیدان بە ناوەڕۆك و فەراهەم کردنی فۆرم لە خزمەتی ناوەڕۆك. لە هەمان کاتیشدا دەقی نوێ دابڕانی یەکجارەکی نییە لە کلتوری میللەت، بەڵکو ڕاستتر وایە بووترێت، کە هەر نوێیەك جیابوونەوەو دابڕانە لە شتی کۆن لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە داهێنانێکی پێویستە. چونکە گەلێك بەرهەمی شیعری هەیە، هەر بە ڕووواڵەت نوێن، کەچی لە جەوهەردا کۆنن. ئەو جیاوازییەی کە بێگومان لە نێوان کۆن و نوێدا هەیە تەنها لە شێواز و جۆری بیرو بۆچوون و قاڵبی شیعرەکەدا نییە، بەڵکو لە ڕۆحەکەدایە، لە کاکڵەی شەخسی شیعرە ڕەسەنەکەدایە لە دەربڕین و تێڕوانینەکانی...لە ڕاستیدا هەر نوێکردنەوەیەك بەڕادەیەکی زۆر یان کەم تەمومژی دەبێت، هۆیەکەش ئەو شەپۆلە ئەدەبی و ڕێبازو قوتابخانە ئەدەبییە نوێیانەیە، کە لە ڕۆژئاواوە ڕوو دەکەنە ڕۆژهەڵات و میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش لێیانەوە وەردەگرن و لاساییان دەکەنەوە، تا وای لێ دێت دەچێتە ژێر قاڵبی ئەزموون و لە ئەنجامدا لەسەر دەستی شاعیرێك یان چەند شاعیرێك دێتە بەرهەم و ئاوێتەی

[8]-د. عبدالقادر حمەئەمین محەمەد، دیاردەی نوێگەری لای شێخ نوری شێخ ساڵح، توێژینەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥)٢٠١٤،ل٢٠.

[9]- هەمان سەرچاوە ل٢٠

[10]-هەمان سەرچاوەل٢٠

[11]-د.ئازادعەبدلواحید کەریم، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك٢٠١٤،ل٢٢

[12]-د. پەرێز سابیر،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپخانەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦، ل٢٠٩

تاقیکردنەوەکانی دەبێت، تێکڕای ئەوهەولانەش بە نوێگەری لە بواری شیعردا لە قەڵەم دەدرێن"[13]، بەمەش نوێگەری لە شیعردا سەرهەڵدەدات.

## تەوەری یەکەم/ چەمك و پێناسەی نوێ و نوێگەری

چەمکی نوێ و نوێگەری کۆمەڵێك لێکدانەوە وبەکارهێنان وبیروڕای جیاواز لە بارەیەوە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنێك هەیە لە بارەیەوە، چەمك وزاراوەی نوێ (نوێ –جدید-حدیپ-حدیپ العهد)،(نوێ-تازە-نو"بەفارسی")[14]، ((نوێ- سەردەم- عصری- حدیپ-modern) (modernism-ڕەوتێکە لەهونەری نوێدا، هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی بە ڕابردووەوە بپچڕێنێت و بەدوای شێوەی گوزارشتی نوێدا دەگەڕێت))[15].

چەمکی نوێگەری لەڕووی زمان وزاراوەوە لە زمانی فەرەنسیدا، کەسیفەتیmoderne(تازە) لەڕوی مێژووییەوە کۆنترە لە واژەی نوێگەریmodernite)[16]، سەبارەت بەو بۆچوونانەی کە جیاوازی لە نێوان تازەگەری ونوێگەریدا دەکەن، ئەدۆنیس لە کتێبی( پێشەکی بۆ شیعری عەرەبی لە ل٩٩-١٠٠) دەڵێت: ((نوێگەری لە دووماناداد دەبینرێت، یەکەمیان زەمەنییە، واتە دواین دۆزینەوە، دووەمیان هونەرییە، واتە شتێك کە پێشتر نەبووە، یان لەو شێوە بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام تازە هەمیشە دەلالەتی زەمەنی هەیەو هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە، کە تائێستا کۆن نەبوونە، کەواتە هەموو ئەوەی کەنوێیە تازەیە، بەڵام هەموو تازەیەك نوێ نییە، چونکە نوێی هەڵگری پێوانەیەکی هونەرییە، کە تازە هەڵێنەگرتووە، بەم جۆرە نوێگەری لە کۆنیشدا هەبووە وەك چۆن لەو سەردەمەشدا هەیە))[17]، (واژەی نوێگەری (modernite)،ماناو دەلالەتی لە سەدەی نۆزدە لە خۆگرتووە، کاتێ پەیوەست بووبە کارەکانی، شارل بودلێر(١٨٢١-١٨٦١) کە زۆرینەی لێکۆڵەرەوان بەباوکی نوێگەری دادەنێن ویەکەم کەس بووە سیاغەی تیۆری کردووە، نوێگەری (الحداپە) لەژێر رۆشنایی دیدگای جیاوازی ئابوری وکۆمەڵایەتی وهونەری وفەلسەفیدایە، لە لایەکی ترەوە نوێگەری ڕووداوێکی مێژوویی یان چەرخێکی دیاریکراو بە خودی خۆی نییە، بەڵکو ئەنجامی مێژوویەکی درێژو پڕ لە ڕووداوەو هەریەکەشیان بە پێی خۆیان بەشداری پێکهاتنی دەکەن)[18].((کەواتە دەتوانین بڵێین (تازەگەری)، وەك زاراوە گشتگیر دەکەوێتەوە، کەچی نوێگەری هەڵگری تایبەتمەندییە، لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ نوێگەری وەك دیاردەی تازەگەری دەربکەوێت، نوێگەری هەمیشە هەڵگری جیاوازی وگۆڕانە، بەو مانایەی کە هاوشانی داهێنانەو لە هەموو سەردەمەکاندا دەبینرێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئاماژەبێ بە تازەگەری...لە فەرهەنگ وئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی فراوان ئەو دوو زاراوەیە تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن))[19]، هەرلە بارەی نوێگەرییەوە، پیتەر کریستۆ، ((زیاتر مۆدێرنە moderne لەبەرامبەر نەریتدا لەبەرچاو دەگرێت و نیشاندەری جیابوونەوەیە لە نەریت، خۆئەگەر نەریت بۆ ڕابردوو ئەڕوانێت، ئەوا بە ڕووکەش مۆدێرنە چاوی لە ئایندەیە، کەلتوری مۆدێرن بەو جۆرەی کە تیۆرسێنی کۆمەڵایەتی

---

[13]- دەروانرێتە، د. ئازاد عبدالواحید، نوێکردنەوە... ، ل٢٤و٢٥

[14]-دەڕوانرێتە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە وفەرهەنگی ئەستێرەگەشە

[15]- دەڕوانرێتە جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن

[16]-دەروانرێتە،د.عبدالقادر حمەئەمین محەمەد، ل١٩

[17]- عبدالمونەلیب عەبدوڵڵا، چەمکی دەق وئیستاتیکای خوێندنەوە،گۆڤاری نووسەر، یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی، چاپخانەی سیما، ژمارە١٠ی٢٠١٤،ل٣٥

[18]-دەروانرێتە، د.عبدالقادر حمەئەمین محەمەد، ژمارە(٥)٢٠١٤،ل١٩

[19]- عبدالمونەلیب عەبدوڵڵا، ،ل٣٦

سویدی( گۆران تربۆرن ) قسەی لەسەر دەکات زیاتر پەیوەندی هەیە لەگەڵ واژەگەلێکی وەك پێشکەوتن، پەرەسەندن، ڕزگاربوون، ئازادی، گەشەکردن، کەڵەکەبوون ،ڕۆشنگەری، چاکبونەوە و پێشەنگ بوون ))[٢٠].

لەبارەی گەشەی نوێگەرییەوە، (( چەمکی نوێگەری بەگەشەکردنی زەمەن گەشە دەکات، ..ئێمە نکولی لەوەناکەین نوێگەرێتی چ پەیوەستییەکی بە ژیان و ئەو هەڵوێستانە هەیە، کە وەریدەگرین، بەڵام پێویستە نکولی لەوەش نەکەین، کە ئەو هەڵوێستانە مایەی گۆڕانن ))[٢١].

## تەوەری دووەم/ ڕێگەکانی نوێگەری لە شیعردا

لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان هەمیشە سیمای نوێگەری خۆی دەنوێنێ، ئەگەر بواری ئەدەب وەك چەمکێکی ئەو گۆڕانکارییانەی ژیان وەرگرین بێگومان سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەر میتۆدو ڕێبازێکی نوێ بەدرێژایی مێژوو خۆدەربازکردن بووە لەکۆمەڵێ یاساو رێسای کۆن ودەرکەوتن وسەرهەڵدانی بۆچوون و بنەماو رێسای نوێی لە پیناوی ئەدەبێك کە لەگەڵ واقیع و ژیانی نوێی کۆمەڵگادا یەکبگرێتەوە، دیاردەی نوێگەری پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی گۆڕانکارییە، بەمانای داهێنان وتێپەڕاندنی زەمەنی پێشوو ،((ڕۆمانسیستەکان بڕوایان بەزاتییەت وئازادی داهێنان و دەربڕین هەبوو، بەهۆی کاریگەریی( ئەمانوێڵ کانت )ی فەیلەسوفی ئەڵمانی بوو بەسەر ڕابەرانی ڕۆمانسیزمەوە( کانت ) پێی وایە کە کەسی ئازاد دەتوانێت داهێنان بکات، کۆت وبەندو قاڵب ڕێگری داهێنانن ))[٢٢]، پرۆسەی داهێنان و نوێگەری لەئەدەبدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی لەگۆڕانکارییە بنەڕەتییەکاندا دەستەبەر دەبێت کە بەسەر ڕوخسارو ناوەرۆك دێت ولە شیعریشدا هەمان حاڵەت زۆر بەڕوونی خۆی دەنوێنێ، شاعیر لە نوێگەریدا ((وشە ڕزگار دەکات لە کۆتی واتا کۆنەکان و بەکارهێنانە سواوەکان، بەواتای نوێ بەکاریاندەهێنێتەوە ))[٢٣]، لە شیعردا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم نوێگەرییە دەستنیشان بکەین لە ڕووی ( زمانی شیعری و وێنەی شیعری ومۆسیقای شیعری و ڕەمزو ناوەڕۆك و...هتد ) جالێرەدا بەباشی دەزانین باس لە هەریەکە لەو ڕووانە بکەین وەك لایەنی تیۆری.

### یەکەم _ زمانی شیعری

– زمانی شیعری چییە وتایبەتییەکانی چین؟

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی زمان بریتی بێت لەوهێماو واتایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤەکان بۆ لەیەکتر گەشتن و پەیوەندیکردن و پێشخستنی ژیانیان بەکاری دەهێنن یان وەك دەگوترێت: ((بنەڕەتترین ئامانجی زمان گەیاندنە، بۆگەیاندنی بیروباوەڕو هەڵچوون و هەست وئارەزوو ))[٢٤]، ئەوا لە شیعردا زمانی شیعری خولقاندنی هێماو واتای نوێیە بە جۆرێك کە وشەکان لە شیعردا بەهایەکی زۆرتریان هەیە لە بەهای هەمان وشە لە کاتی قسەکردندا ((تیۆرە تازەکانی مەیدانی زمانەوانیش هەر ئەو ڕاستییە دووبارە دەکەنەوەو هەموو کارێکی ئەدەبی بە چاوی زمانێکی تایبەت وهەڵبژێردراو سەیر دەکەن، بەو هۆیەشەوە کەزمان بە ژیان وبەڕەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە گرێ دراوە ))[٢٥]،

---

[٢٠] - پیتەر کریستۆ، مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە، وەرگێڕانی، شۆڕش جوانڕۆیی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٣

[٢١] -مالکم برادبری وجیمس ماکنارلن، مۆدێرنیزم، وەرگێڕانی بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولیر، ٢٠٠٨،ل١٤

[٢٢] - محەمەد عەبدولکریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٢، ل٣١

[٢٣] -هەمان سەرچاوەل٣٣

[٢٤] -ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٢،ل٩

[٢٥] -عوسمان دەشتی، شیعری ناوچەی موکریان( نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم )، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٨٩

چونکە شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لەنێو زمانی ئاسایی دا شاردراونەتەوە، ((زمان لەدەروونی مرۆڤدا، کۆمەڵە یەکەیەك لە خۆدەگرێت، ڕەنگە لەدەرەوەی سنووری زمانی شیعریدا، ئەم یەکانە تەنیا واتای لێکسیکی فەرهەنگی سادەبگەیەنن، هەروەها لەبابەتەکانی دیکەی دژ بەئەدەبیش، بۆئەوەی بەها بنەڕەتییە بونیاتەکەی خۆیان لەدەست نەدەن، وەك شتێکی زانیاری گەیاندن بەکاردێن. هەرچی شیعرە، بەهاریکاری ڕایەڵەکانی زمان لە شتێکی خولقاوەوە، بابەتێکی دروستکراوی دیکە بونیات دەنێت، لەڕێگای زمانی تایبەتییەوە واتا فەرهەنگییەکەی ون دەکات و واتایەکی تری پڕ لەدەلالەت، بەسروشتێکی تایبەتییەوە پێك دەهێنێت، گشت پەیوەندییەکان ونیگاییەکان و جوانکارییەکانی چینی دەرەوە دەوەستێنێت وبوونێکی تری بارگاوی بەناوەڕۆك و بابەتی پێویستی(هەبوون)، کە هەوڵ وتەقەڵلای بۆ دەدرێت جێگای دەگرێتەوە))[26]، هەروەها((گەیاندن وئامانج دوو هێڵی تەریبی زمانی شیعرن، شیعریش لەدەروازەی ڕەمز ونیگاوە مامەڵە لەگەڵ واقع دەکات و لەژیان دەڕوانێت، داهێنانی زمانی وبابەتی بەئەنجام دەگەیەنێت، هەر بەمەبەستی دەربڕین و گەیاندنی واتا، مۆسیقا وشیعر دوو شەپۆلی یەکسانی وهارمۆنین، زمان وشیعر لەیەکتر نزیك دەکەنەوە))[27]، جیاوازییەکانی نیوان زمانی شیعری و زمانی ئاسایی پەیوەندی بەچۆنییەتی بەکارهێنانییانەوە هەیە کە((بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی بەهۆی وشە وزاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە.... بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شیوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لە ناو سیاقی ڕستەدا، شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی قوڵ وتایبەت بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی))[28]، بەپێی ئەم بۆچوونە لە دەقی شیعریدا ((زمان شیوازێکی گرنگی دەربڕینی هونەرییە و ئەم گرنگییەش لە تایبەتمەندیی زمانەوە دێ، وەك ئەوەی زمان ماددەیەکی بنەڕەتی دەق پێکدەهێنێت، ئەو کات زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە و دەگۆڕێ و دەبێ بەزمانێکی تر))[29].

لەبارەی زمانی شیعرییەوە ئەفلاتون دەڵێت: ((شاعیر بەهۆی وشە و ڕستەکان ڕەنگی گونجاو دەبەخشێتە هەریەك لە پیشە جۆراوجۆرەکان کەچی جگە لە تەقلید زیاتر کارێکی تری نەکردووە))[30]، ئەرستۆ لەم بارەیەوە لە هونەری شیعریدا دەڵێت: (( گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەدەبی ئەوەیە کەڕون وئاشکرابێت، بێ ئەوەی سوواو بێ... لەلایەکی ترەوە ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکار بێت بەرزی و شکۆمەندی تێدایەو لەسەروی ئاستی زمانی رۆژانەوەیە. مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی نامباو ) وشەیی خوازراوە و وشەی درێژکراوە وهەرشتێکی ترە کەلە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ، بەڵام تەنیا ئەگەر ئەم جۆرە وشانە بەکار بهێنرێن ئەمە دەبێت بە هۆی دروست بوونی مەتەڵ، ئاڵۆز وبلۆزی))[31]، ئەمەش بەگشتی ئەوە دەردەخات کە ئەرستۆ زمانی شیعری بەزمانیکی تایبەتی داناوە وبایەخی بە جۆری بەکارهێنانی زمانی شیعری داوە وجیای کردۆتەوە لە زمانی رۆژانە، ((بایەخدان بەزمانی شیعرو جیاکردنەوەی لەزمانی ئاسایی خەڵك ودیاری کردنی سروشت وخاسییەتە تایبەتییەکانی ئەو زمانە هەر لەکۆنەوە لەلایەن ئەفلاتوون وئەرستۆوە باسکراوەو لێی کۆڵراوەتەوە، ئینجا ئەو باس ولێکۆڵینەوانە لەگەڵ سەرهەڵدانی

---

[26] - ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی ل11

[27] - هەمان سەرچاوە ل11

[28] -ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٨٤

[29] - هەمان سەرچاوە، ل٨٤

[30] -هەمان سەرچاوە، ل٨٤

[31] -ئەرستۆ،هونەری شیعر(شیعرناسی )، وەرگێڕانی عەزیزگەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١١، ل٨٣

قوتابخانه ئەدەبی ورەخنەییەكان پەرەیان سەندووە وفراوان بوونە))[٣٢]، بەردەوامبوون لەسەر جیاكردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی خەڵك ئەو بۆچوونەی هێنایە ئاراوە كە: ((زمانی شیعر زمانێكی تایبەتییەو لە ئەنجامی بەكارهێنانی تایبەتی زمانەوە لەلای شاعیر دروست دەبێت بۆگەیاندنی مانایەكی نوێی جیا لە مانا ئاساییە بڵاوەكەی ناو خەڵك))[٣٣]، كەواتە((زمانی شیعر لەهەموو سەردەمێكدا زمانێكە كۆمەڵە خاسییەتێكی تایبەتی هەیە، بەمانای ئەوەی زمانەكە پەیڕەوی هەمان یاساو دەستوورەكانی زمان دەكات، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی كە لەئەنجامی یاساكانی گۆڕان وپەرەسەندنی ژیانەوە ڕوودەدەن، ئەویش لەهەر سەردەمێكدا مانای نوێ پەیدا دەكات و تەعبیر لەدەلالەتێكی نوێ دەكات كەلەگەڵ سەردەمەكە بگونجێت))[٣٤]، زمانی شیعری بەشدارە لە پرۆسەی داهێناندا، ((كاتێك شاعیر زمان لەشیعردا بەكاردەهێنێت، لەڕێگەی دەنگ وریتم وئاوازەوە، بۆ دنیاییێكی هەستی، گوزارشت لە وشە دەكات، ئەم كردارەش لە چوارچێوەی هونەردا جێبەجێ دەبێت، ئەو بونیاتە لەهەموو سەردەمێكدا لەناو قوڵایی كولتوورو هونەرو فیكرو داهێنان...دا ڕەگ دادەكوتێت، گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سودبەخش كاتییە وبەتێپەڕبوونی كات دەتوێتەوە، وادەی بەسەر دەچێت، بەڵام گوزارشتی هونەری بەدرێژایی زەمەن بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەو كاتەش كە شاعیرو هونەرمەند شەپۆلی هاندانی داهێنانیان كپ دەبێتەوە، بەرهەمەهونەرییەكانیان بە نەمری دەمێنێتەوە))[٣٥].

## تایبەتییەكانی زمانی شیعری

١. زمانی شیعری زمانێكی پاراو و داڕێژراو وپڕلە جوانی وئیستاتیكایە، شێخ نوری شێخ ساڵح((بناغەی جیاكردنەوەی هەر نوسینێكی ئەدەبی لەنوسینی ئاسایی بەستۆتەوە بەمەرجی دابینكردنی لایەنی ئیستاتیكی لە نوسینە ئەدەبییەكەدا))[٣٦].

٢. زمانێكی تایبەتە ولە روی رێكخستن وگونجاندن و دانە پاڵ یەكی وشەكانە وجیاوازە لە زمانی ئاسایی ((شاعیر لە رێگەی زمانەوە هەوڵ دەدات جیهانێكی پڕ لە جوانی تاسەبەخش بونیات بنێت))[٣٧].

٣. زمانی شیعری هۆكاری گەیاندنە وەك ئەو ئەركەی لە ئەستۆی زمانی ئاساییەو لەهەمان كاتیشدا ئامانجە كە گەیاندنی پەیامی جوانی وئیستاتیكییە.

٤. زمانی شیعری ئەركی گەیاندنی چێژ وخۆشییە بە خوێنەران، ئەم خەسڵەتەش بەدەربڕینی شیعر مسەوگەر نابێت، بەڵكو بەڕایەڵەكانی چۆنیەتی دەربڕین لەناو دەقێكدا دەردەكەوێت و زمانی شیعرییەكە دەكاتە سیمای بەهێزی و لاوازی دەق.

[٣٢]- پەرێز سابیر، ل٢٨١

[٣٣]- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣

[٣٤]- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥

[٣٥]-ئازاد ئەحمەد مەحمود، ل١٤

[٣٦]- پەرێز سابیر، ل٢٨٨

[٣٧]-ئازاد ئەحمەد مەحمود ،ل١٠

٥. زمانی شیعری لە ڕێگای هێماو ئاماژەو چڕی وپڕییەوە مانای ناوازە وگونجاو بەدەق دەبەخشێ چونكە ((لە داهێنانی دەقی شیعر، شاعیر لەسەریەتی رۆڵێكی گرینگ و چالاك بەرامبەر بەوشە ببینێت))[٣٨].

٦. زمانی شیعری هۆكاری گەورەی داهێنانە لە بواری زماندا، چونكە((ئەركی شاعیر بەرزكردنەوەی زمانە لە شێوە گشتییەكەیەوە بۆ دەنگێكی تایبەتی واتە لە ڕێگای بینینی بەهرەی تایبەتی خۆیەوە، كە لە كاریگەرترین شێوەدا ڕێكی بخات و چەند بە توانا بێت لە خولقاندنی زمانی تایبەتیدا ئەوەندە زیاتر داهێنانی بەردەكەوێت))[٣٩].

٧. زمانی شیعری نەك هەر ڕەسەنە وەك زمان و دەوری كەرەستە زمانییەكان لە ڕستەدا، بەڵكوپڕە لە داهێنان، ڕەسەنی وداهێنان بەیەكەوە زمانی شیعرییان گەیاندۆتە لوتكەی ئاڵۆزی وئاوێتەیی"[٤٠]

– <u>زمانی شیعری كۆن ونوێ</u>

١) زمانی شیعری كۆن زمانێكی تێكەڵاو لە وشەو زاراوەی بێگانە،

٢) بەكارهێنانی كێش وسەروا سیمای دیاری شیعری كلاسیكی بووە، بەڵام لە شیعری نوێدا كێشی خۆماڵیان بەكارهێناوە وتوانراوە گۆڕانكاری وتازەگەری لە سەروای شیعری نوێدا بكرێت.

٣) زمانی شیعری كلاسیكی زمانێكی ئاڵۆز بووە، بەڵام زمانی شیعری نوێ بەزمانێكی سادە وپڕلەجوانی دەنوسرێت،كەخوێنەر بەباشی لێی تێدەگات.

٤) شیعری كلاسیكی بایەخ بە یاسا وڕێسای دامەزراندنی پەیوەندی بیر وزمان دەدات، بەڵام شیعری تازە دەیەوێ ئەو پەیوەندییە بشكێنێت و وشەكان بتەقێنێتەوە، بەم پێیە وشەكان پەیوەندی بیر و زمان دێننەكایەوە نەك پەیوەندییەكە وشەكان بهێنێتەكایەوە"[٤١].

– <u>زمانی شیعری لە ڕوانگەی سیمانتیك و پراگماتیكەوە چییە؟</u>

بە پێچەوانەی زمای ئاخاوتنی ڕۆژانە...زمانی شیعر دیاردەیەكی تەواو ئاڵۆزە، چونكە نەكات (مێژوو)، نەشوێن(جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاساكانی واتاسازی، نە ڕێنوس سنوری بۆ ناكێشن و لە دەسەڵاتی كەم ناكەنەوە. نەك هەر ئەمە، بەڵكو شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤییەكان بەسەرچاوەی خۆی دابنێ و فەرهەنگی ئەم هەموو فەرهەنگەكانی جیهانە... ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی نوسەری تر مەگەر خەوی پێوە ببینێ، جا شێوازێك ئەم هەموو

---

[٣٨]- هەمان سەرچاوە،ل١٠

[٣٩]-عدنان حسين العوادى، لغه الشعرالحديپ فى العراق، گ١ ، دارالحريه للگباعه، بغداد١٩٨٥،ص٩

[٤٠]- دەڕوانرێتە، محمد معروف فتاح، لیكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوەوئامادەكردنی،(شیروان حسین خۆشناو- شیروان میرزا قادر)، چاپی یەكەم،هەولێر،٢٠١٠، ل٤٣٦

٤١- پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ل٣٣

توانایەی لە بەردەستدا بێت، سەیر نییە ببێتە لوتکەی شێوازەکان لە بەهێزی وئالۆزیدا. زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە"[٤٢].

کەواتە بە پێی ئەم بۆچوونە هەموو بەکار هێنانی زمانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی تێدایە، ئەم ڕەسەنایەتییەش هەر لەوەوە نایەت کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێبکات، بەڵکو هەندێ جار لەڕێگەی بەزاندن وشکاندنی یاساکانەوە دروست دەبێت کە تایبەتەو بەشیعر وبەداهێنان ناوی دەبرێ کەواتە لادان وشکاندنی یاساکان بۆ شیعر ڕێگەی پێدراوە، بەم پێیە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدابێت، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ:"[٤٣]

أ. توانای ڕەسەنایەتی کەتوانایەکە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیە، لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەکەوە دێ.

ب. توانای داهێنان کە بەزۆری لەشاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەکەوە دێت، بەو مەرجەی شاعیر شارەزای لە یاساکانی زمانەکەدا هەبێت ئەوجا دەتوانێت یاساکان ببەزێنێ. ئەمەش دەبێت لە هەڵەی ڕێنووس وهەڵەی ڕێزمانی وهەڵەی واتایی بەدووربێت وجیابکرێتەوە. هەروەها بەزاندنی یاساکانیش لە ڕوی ڕێزمانی وسیمانتیکیەوە هەڕەمەکی ولەخۆوە نییە دەبێت بە پێی خوازراوی بێت لە پێناو ڕێکخستنی جوانی وشەکانی جوانترکردنی زمانی شیعری بۆیە لەلای شاعیر لادان یان لانەدان لە یاساکانی زمان خۆی هەڵبژاردنە.

## دووەم_ وێنەی شیعری، Image poetry

وێنەی شیعری (الصوره الشعريه)، هەندێ جار پێی دەڵین وێنەی هونەری، بەڵام وینەی هونەری فرەلایەن فرەوانترە، هەموو هونەرەکان دەگرێتەوە"[٤٤].

وێنە لەڕەخنەی ئەورووپیدا( image ) کە وشەیەکی ئینگلیزییە، وشەی وێنە ( image )لە ئینگلیزیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەگە هاوبەشەدەکات کە لەگەڵ وشەی خەیاڵدا( imagination ) هەیەتی کە بۆتە هۆی هاوبەشییان لەیەك بواری مەعریفیدا، و ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە لەنێوان خەیاڵ و وێنەدا هەیە بەو پێیەی وێنە گرنگترین بەرجەستەکانی خەیاڵە لە شیعردا"[٤٥]

وێنە، یان بریتییە لە بەرجەستەکردنی ماتریاڵی، وەك ئەو وێنەیەی پەیکەر تاشێك لە هەڵکەندنی پەیکەرێکدا دەری دەخات، یان ئەو وینەیەی نیگار کێشێك لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی دەکات، یانیش بریتییە لە خەیاڵ کە ئەدیب لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات و بە وشە دەری دەبڕێت، لە یەکەمیاندا وینە بە چاو دەبینرێت و ماتریاڵ و هەست پێکراوەو خەیاڵ دەوروژێنێت، بەڵام لەدووەمیاندا خەیاڵێکی ڕووت دەبێتە دروستکەری وێنەکە، لەهەردوو حالەتەکەدا خەیاڵ بوونی هەیە و هەست و سۆز دەوروژێنێت"[٤٦].

٤٢- محمد معروف فتاح، ل٤١٤و٤١٥و٤١٦

[٤٣]-هەمان سەرچاوە، ل ٤٠٩

[٤٤]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١،ل١٩٣

[٤٥]-سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢،ل٢٥

[٤٦]-نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٩٣

وینەی شیعری((ئەو هێزە جادووییە پێكهاتووەیە، كەتەنها خەیاڵ دەتوانێ دروستی بكات، هەر بۆیە خەیاڵ ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێ لە پێكهاتنی وێنەدا، چونكە یەكەم توخم لەتوخمەكانی پێكهێنانی وێنەی شیعری خەیاڵە، كەهەڵدەسێ بە رۆڵی سەرەكی لە پێكهێنانیدا لە ڕێگەی كۆكردنەوەی توخمە جیاوازەكانی تر لەسەرچاوەكانیانەوەو دووبارە گونجاندن لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی ببێتە وێنەیەكی جیهانی شیعری تایبەت بەشاعیرێك، كە گوزارشت لە هەستەكانی و دەروونی بیری، واتە گوزارشت لە هەڵوێستی بكات))[47].

بەشداری كردنی وێنە لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا ڕۆڵی هەیە لەم بارەیەوە د.دڵشاد عەلی دەڵێت: ((پرۆسەی داهێنانی شیعری پێ كامڵ دەبێت))[48]، سەرچاوەی وێنە لە شیعردا خەیاڵی شاعیرە((وێنە لە شیعردا دەبێت بە خوازەو میتافۆر و لێكچواندن ، لێرەدا وێنەی شیعری پشت بە خەیاڵ و هەست دەبەستێت ، هەروەها پشت بە عەقڵ و ڕۆشنبیری دەبەستێت وێنە لە شعیردا وێنەیەكە خەیاڵی شاعیر بە وشە دروستی دەكات ، شاعیریش وەك نیگاركێش وایە و وێنە دەكێشێ، بەڵام كەرەستەی وێنەكێشانی شاعیر جیاوازە، شاعیر بەهۆی زمان و هونەرەكانی ڕەوانبێژی و شێوازگەرییەوە، لەتەك پشت بەستن بە خەیاڵ، وێنە دەكێشێت، بۆیە دەوترێت: شیعر وێنەیەكی قسەكەرە و تابلۆش شیعریكی بێدەنگە))[49] .

لێرەدا ئەم وێنەیە پەیوەستە بە دۆخی دەرونیی شاعیر ئەگەر ئەو شاعیرە لە حاڵەتێكی سایكۆلۆژی گونجاو و لە دۆخی خۆشیدا بێت ئەوا وێنە شیعرییەكان جوان و كاریگەر و گەشبین دەبن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێكی سایكۆلۆژی خراپ و خەمۆكیدابێت، ئەوسا وێنەكانیش ڕەنگدانەوەی ئەو خەمۆكییە دەبن، چونكە((ئەركی وێنەی شیعری تەنیا ڕازاندنەوەو بەخشینی چێژی هونەری نییە، بەڵكو چەند ئەركێكی دیكەی هەیە، وەكو وێنەگرتنێكی ڕاستەوخۆی واقیعی كۆمەڵی مرۆڤایەتییە یا بەرجەستەكردن و خستنەڕووی كێشەكانی ژیانی هاوچەرخی ئادەمیزاد لە ڕێی چەند وێنەیەكەوە))[50].

هەندێ جار وێنەی شیعری وێنە یەكی واقعییەو دیمەنی ناوچەیەك كتومت وەك خۆی دەكێشیت كە لە واقعیدا بوونی هەیە ، كەچی هەندێ جاری دیش بە پێچەوانەوە زیادەڕۆیی لە خەیاڵدا دەكرێ و بە ڕادەیەكی زۆر لە وێنەی واقعی و بگرە خەیاڵێكی جوانیش دوور دەكەوێتەوە، ((جوانترین وێنەی شیعری ئەو وێنەیەیە كە خەیاڵ تیایدا ڕۆلی فراوانكردنی ئەو خەیاڵەو وروژاندنی هەست و سۆز دەبێت ، بەو پێیە وێنەی خەیاڵی لە شیعردا جوانی سەرنجڕاكێشانێكی كاریگەر دەخوڵقێنێت كە زۆر جار لە وێنەڕاستەقینەكە كاریگەرترو هەست پێكراوتر دەبێت، لێرەدا ئەو وێنەیە هەم بیرۆكەی قەسیدەكە دەوڵەمەند دەكات، هەم خوێنەرو وەرگریش دەجوڵێنێت و دەیباتە نێو كەشێكی خەیاڵیی جوان، جوانتر لەو واقعەی تیایدا دەژی))[51].

---

[47]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١٣٧

[48]-دڵشاد علی، دیلان و تاقیكردنەوەی شیعری، نامەی دكتۆرا، ساڵی ١٩٩٦، ل٢١٨

[49]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٩٤

[50]-حوسەین كەلاری، شێواز لە هۆنراوەكانی فەرهاد شاكەلی دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١١،ل٧٥

[51]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٩٥

شیعر لە هەموو سەردەمێكدا پشتی بە وێنە بەستووە، لەوكاتەوەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ، لەسەر وێنە بنیات نراوە، بەڵام بەكارهێنانی لە نێوان شاعیرێك و یەكێكی تردا دەگۆڕێت، دەشێت جۆرو هێزی بەكارهێنانی وێنەی شیعری ئاستی داهێنانی شیعرەكە جیابكاتەوە، ( ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی سەرنج لە جۆرەكانی وێنە بدەین، چ شێوەكاری یان فۆتۆگرافی یان فەلسەفی یان شیعری، هەموویان بە چالاكی مرۆڤایەتی دادەنرێن، هەریەكە لەو جۆرانە بە پێی قۆناغەكانی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەر لە نوسینی وێنەیی، ڕەمزی، هێڵكاری، نیگار، وێنەی پۆرترێت، فۆتۆ. وێنە بەگشتی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، یەكێك بووە لە كەرەستەكانی دەربڕین، بۆگەیاندنی بیرێك و بەرجەستەكردنی هەستێكی ناخەوەی دەروونی مرۆڤ، ئەو وێنانەی لەسەر دیواری ئەشكەوتەكانن بەسەرەتای مێژووی هونەری شێوەكاری دادەنرێن )[52]

وێنەی شیعری پێكهاتەیەكی گرنگی بنیاتی شعرییەو، شاعیر لە شێوەی تابلۆیەكی هونەریدا دەردەبڕێت، لێرەدا كەرەستەكانی شاعیر بریتیین لە وشەی جوان و ئەندێشەو خەیاڵ و دەروونی شاعیر كە بە هۆیەوە باری سەرنج وئەزموونی بەردەوامی خۆیی و تێڕوانینی بۆ ژیانی ڕۆژانە و سروشت ودەوروبەر، لە چوارچێوەی دەقێكی شیعریدا، دەخاتە ڕوو وەخوێنەر لەكاتی خوێندنەوەی ئەو دەقانەدا هەمان وێنە لە بیروخەیاڵیدا دەكێشرێتەوە .((وێنەی شیعری بە زمانی شیعری وئەندێشە دروست دەبێت و ئەم دوانەش لە بەكارهێنانی خوازەوە دروست دەبن، وێنەی شیعری یەكێكە لەو ڕەگەزە سەرەكییانەی كە بنیاتی دەقی شیعری پێكدێنێت و سیمایەكی هونەری جوان و كاریگەری پێدەبەخشێت. مەبەست لەوێنەی شیعری، بەخشینی جوانییە بە ڕوخسارو ناوەڕۆكی شیعری بەكامێرای چاووئەندێشەو لە تاقیگەی وشەدا ئەو تابلۆیە دەنەخشێنرێت))[53]، وێنە لە شیعری نوێدا ڕەگەزێكی گرنگە، كە تەنها بۆ ڕازاندنەوەو جوانی شیعرەكە داناهێنرێت، بەڵكو شاعیر بەهۆی ئەندێشەی بەهێز و خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، وێنەیەكی بەرجەستەكراوی هەست و نەست و باری دەرونی دەخولقێنێت، كەئەمە لە زۆر ڕووەوە دەبێتە مایەی تێگەیشتن و نزیك بونەوە لە فەزای گشتی شیعرەكە، درایدن، دەڵێت:((وێنە لەخودی خۆیدا بەرزی وبڵندی و ژیانی شیعرە))[54]، هەروەها دەبێتە كلیلێك بۆ كردنەوەی كۆد و هێماكانی . لە شیعری كلاسیكی دا بایەخێكی زۆر بە هونەرەكانی ڕەوانبێژی دراوە چونكە،((وێنەی شیعری بە چەند شێواز پێكدەهێنرێ، لەوانە لێكچواندن و خواستن و دركەیە، ئەگەرچی ئەم هونەرانە لە ڕەوانبێژی كلاسیكدا هەن))[55]، بۆیە دەبینین وێنەی شیعریش هەر لەسەر پایەكانی ئەو هونەرە وەستاوە و بەهۆی ئەو هونەرەوە دروست كراوە ، لە زۆر ڕووەوە تەنها بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی دەقەشیعریەكە بەكار هاتووە، ((بەڵام تایبەت نین تەنها بەم ڕەوانبێژییەوە،چونكە ئەم هونەرانە لە ئەدەبیاتی كۆن ونوێی جیهاندا بەرچاو دەكەون))[56]. لەگەڵ ئەوەشدا ((لە شیعری نوێدا ئەم چوارچێوەیە دەشكێت و وێنە شیعرییەكان گرنگییەكی زیاتر پەیدادەكەن. دەتوانین بڵێن هونەری( مەجاز-میتافۆر)یەكێكە لەو هونەرە گرنگانەی

---

[52]-دەڕوانرێتە، د.عادل گەرمیانی، وێنەی بیری لە هزری مرۆڤی كۆندا، گۆڤاری كاروان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ژمارە ١٧١ی ساڵی٢٠٠٣، ل٥

[53]- حوسەین كەلاری، ل٧٧

[54]-سی دی لویس،الصوره الشعریه، ترجمه :احمد نصیف الجانی واخرون،گ١ مؤسسه الخلیج للگباعه والنشر، الكویت١٩٨٢، ص٢٠

[55]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١٤١

[56]- هەمان سەرچاوە،ل١٤١

كە لە شیعری كۆن و نوێ و هەروەها لە ڕەخنەی كۆن و نوێشدا، شوێنی بایەخ پێدانێكی گەورەیە، چونكە شیعر تا ئەندازەیەكی زۆر لەسەر مەجاز ڕادەوەستێت. ڕەخنەگری ئینگلیزی هێربەرت رید( ١٨٩٣ـ١٩٦٨ )،كە لە بارەی شیعرو هونەری شێوەكاریش دەنوسێت، دەڵێت: بۆئەوەی بتوانین بە تەواوی شاعیرێك هەڵبسەنگێنین دەبێ هەمیشە سەیری هێزی مەجازبكەین لە شیعرەكانیداو، لەوێوە ڕەسەنایەتی شاعیرەكە بدۆزینەوە))[٥٧] . لەبارەی بەكارهێنای ئەم زاراوە وەك زاراوەیەكی رەخنەیی((زاراوەی وێنەی شیعری، وە زاراوەیەكی رەخنەیی، یەكەمجار لە ڕەخنەی ئەدەبی خۆرئاواییدا بەكارهاتووە، لەوێدا لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوەو سەرنجی توێژەرانی ئەدەبی و شاعیرانی بۆ ئەو ڕەگەزە گرنگەی شیعر ڕاكێشاوە، دواتر لە نێوەندی ئەدەب و ڕەخنەی گەلانی تریشەوە بایەخی پێدراو لێكۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام درا))[٥٨] .وێنەی شیعری بەچەند جۆرو شێواز بونیات دەنرێت بەگشتی توێژەران چەند جۆرێكیان دەستنیشانكردووە لەوانەبەڕێگای ( لێكچوواندن و خواستن ودركە )

١) لێكچوواندن و وێنەی شیعری، لێكچواندن هونەرێكی ڕەوانبێژییەو یەكێكە لەو ڕەگەزانەی توانای بونیاتنانی هەیە لە وێنەی شیعریدا((لێكچواندن، بەستن وپەیداكردنی وێكچونێكە لە نێوان دوو شتا یا زیاتر، بەمەبەستی بەشداری كردنیان لە شێوەیەك یان زیاتر بە ئامرازێك بەو بارەی كەقسەكەر مەبەستییەتی))[٥٩].

٢ ) خواستن و وێنەی شیعری، خواستن هونەرێكی ڕەوانبێژییە و یەكێكە لەو هونەرانەی توانای بونیات نانی وێنەی هەیە لە شیعریدا، خواستن((واتە سیفەتێكی شتێك دەگوێزینەوە بۆ شتێكی تر یان بۆ مرۆڤ، یان لە سرووشتەوە بۆ مرۆڤ وبە پێچەوانەشەوە، ئەمە بەربڵاوترین ڤیچەری زمانە، كەتیایدا یەك شت، بیر،یان كارێك بە وشەو دەربڕین دەگەڕێنرێتەوە بۆ شت، بیر، كارێكی تر، چونكە هەندێ خاسییەتی هاوبەشیان هەیە))[٦٠] ،یان خواستن((ئەوخوازەیەیەكە پەیوەندییەكەی لێكچوون بێت))[٦١] .

٣ ) دركە و وێنەی شیعری، هونەرێكی ڕەوانبێژییە، بەشدارە لە پێكهینان ودروستكردنی وێنەی شیعریدا،((شێوەیەكی ئاخاوتنە، كە جێگەی ناوی شتێك بەناوی چەند شتێكی تر دەگرێتەوە، كەیەكسەر ئەوت بیردەخاتەوە))[٦٢] .

## سێیەم _مۆسیقای شیعری

مۆسیقا لەشیعردا پێكهاتەیەكی ئیستاتیكسییەو((هەرشتێكە لەشیعردا كەتاییەتمەندی دەنگی هەبێ و خاوەن كاریگەری ئیستاتیكی یان گوزارشتی هەبێت))[٦٣] ،مۆسیقای شیعری دەوری گرنگی هەیە لە هەژاندن وبزواندنی هەستی

---

[٥٧]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٩٦

[٥٨]-هەمان سەرچاوە، ل١٩٧

[٥٩]- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، چاپی یەكەم، چاپخانەی الجاحڤ، بەغداد، ل١٩٧٢، ل٢٢

[٦٠]- پیتەر هاڵبێرگ ودانەرانی تر، ل٧٩

[٦١]-د. كامل حسن عزیز البصیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨١،ل٨٤

[٦٢]- هەمان سەرچاوە، ل٨١

[٦٣]-ئاسۆ عمر مستەفا،ل ١٠٧

مرۆڤەكان بە زمانی مۆسیقا شیعر دەتوانێت كاریگەری دروست بكات، ((مۆسیقا زمانە، بەلام نەك زمانی پیتی و وشە، بەڵكو زمانی ئاوازو پلەكانی پەیژەی مۆسیقا، كە بریتین لە حەوت پلە، ئەمانەن(دۆ، رێ، می، فا، صۆ، لا، سی) ئەمانەش برگەن وهەربرگەی دوو دەنگە، زمانی مۆسیقا نەك تەنیا سۆزو هەست و دەرون وناخی مرۆڤ دەدوێنێ، بەڵكو دەیهەژێنێ، هەرچەندە زمانی ئاخاوتن نییە، بەلام دەربڕینی خۆشی وناخۆشی وهێمنی وتوڕەیی و.. هەروەها دەربڕینی نەریت ورەفتارو بیركردنەوەو تێڕامان و ..هتد))[٦٤]. لە بارەی ئەو لایەنە ئیستاتیكییەی مۆسیقا لە شیعردا دەیخولقێنێ، هەڤاڵ ئەبوبەكر دەڵێ:((ئاوازی دەق، یان مۆسیقای دەق، یان تۆنی دەق لەشیعردا، جوانیی وكاریگەری دەق بەرجەستە دەكەن، هەر ئەمەش وەك تاریك وڕونیی تابلۆیەك وێنەكان پێكدەهێنن و جوڵە دەخەنە هەناویانەوە، مۆسیقا لە شیعردا دەقی شیعری ڕووەو داهێنانی هونەری دەبات))[٦٥]، لە لایەكی تریشەوە،((پەیوەندییەكی تایبەتیش لە نێوان مۆسیقاو شیعردا هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شیعر هونەرێكی زمانییەو دەربڕینی بە هۆی دەنگەوەیەو چێژلێوەرگرتنی بە هۆی بیستنەوەیە، ئەمانەش هەموو لە مۆسیقادا جێیاندەبێتەوە، بەتایبەتی كە دەنگ ئاواز بەرهەمدەهێنێت))[٦٦].

خاڵی هاوبەش لە نێوان گۆرانی و شیعردا سەرباری ئەوەی زۆرجار كەرەستەی گۆرانی شیعرە لە گەڵ بونی پەیوەندی پتەو لەنێوانیان لە مۆسیقادا هاوبەشیان هەیە، بەلام هەریەكەیان بەجۆرێ، شیعر وگۆرانی ((پێكەوە لە سۆزو عاتیفەوە دەردەچن و گوزارشتی لێدەكەن، هەروەها هۆكارەكانی گۆرانی هەمان هۆكارەكانی شیعرن، لە گۆرانیدا مۆسیقای ئاوازەكان هەیەو لەشیعریشدا مۆسیقای وشەكان و كێشەكان))[٦٧]. لە بارەی پەیوەندی پتەوی نێوان مۆسیقاو هۆنراوە((مایە( مادە)ی هۆنراوە وشەكانە، مایەی وێنە ڕەنگەكەیە، مایەی سازو ئاواز دەنگەكەیە، وشە گەلێ جار ئەچێتە بەرگی دەنگەوە، ئەم دەنگ و وشەیە وردە دەماری هەست وچەشە ئەجوڵێنن زیاتر لە وێنە، تەنانەت ئەتوانین بڵێین سازو ئاواز كۆنترە لە وشەیەك كەمایەی هۆنراوەیە، چونكە لە پێشا دەنگەكە هەبووە پاشان پۆشاكی وشەی كردووە بەبەریا... كەوابوو پەیوەندی مۆزیقاو هۆنراوە زیاتر بوو لە پەیوەندی وێنەو هۆنراوە وەیا مۆزیقاو وێنە))[٦٨].

بێگومان وە چۆن زمانی شیعری كۆن و نوێ جیاوازیان هەیە، مۆیسقاش بە هەمان شێوە لە كۆن ونوێدا لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی وێنەی هەژاندندا جیاوازن، ((بناغەی مۆسیقای شیعری هاوچەرخ، بریتییە لە بونیاتی ریتمی تایبەت و بە حاڵەتی هەست وشعوری شاعیر دەبەسترێتەوە، ئەم حاڵەتەش لە وێنەییێكی وروژاو( مهۆش) ڕەنگ ناداتەوە، وەك ئەوەی لە شیعری كۆندا بەدی دەكرا، بەڵكو ئەم مۆسیقایە لە وێنەیەكی تەواو گونجاو بە حاڵەتی هەست وشعوری تایبەت دەنگ دەداتەوە، دەبێتە ناوەندێكیش بۆ ئەوەی خوێنەر لە قاڵبی هەست وشعوری خۆیدا بیگونجێنێت و بێ ئاریشە لەگەڵیدا بەردەوام بێت))[٦٩].

ئەوە جوانناسی پێكهاتەی تازەی مۆسیقای قەسیدەیە، كەبەتەواوەتی لە مۆسیقای قەسیدەی كۆن جیاوازە، بەلام ئەم جیاوازییە بۆ هەریەكەیان دەلالەت لە تایبەتمەندی دەكات، لاسەنگی وناڕێكی ناگەیەنێت، چونكە هەروەك چۆن مۆسیقای شیعری لە قەسیدەی كۆندا، خۆشی وچێژێكی تایبەتی خۆی هەبوو، مۆسیقایی شیعری هاوچەرخیش، چێژو

---

[٦٤]-حوسێن كەلاری، ل٦٧

[٦٥]-هەڤاڵ ئەبوبەكر حسەین، چەشنە ئەدەبییەكان.....، ل٤٤

[٦٦]- هەمان سەرچاوە، ل٤٤

[٦٧]- ئاسۆ عمر مستەفا،ل١٠٧

[٦٨]-عەلائەدین سجادی، نرخ شناسی، چاپی یەكەم ، چاپخانەی مەعارف، بغداد،١٩٧٠، ل٦٧

[٦٩]-ئازاد ئەحمەد محمود، ل٨٤

خۆشییەكی تایبەتی خۆی هەیە"[70]،شان بە شانی شیوازی دەربڕین لە شیعرو ناوەڕۆكی شیعر مۆسیقا پێوەری جیا كردنەوەی شیعرە لە پەخشان ((لێكۆڵەران مۆسیقای شیعر بەخاڵی جیاكەرەوەی نێوان شیعرو پەخشان دادەنێن وبڕوایان وایە كە ئەوەی شیعر لە پەخشان جیادەكاتەوە تەنها مۆسیقایە، چونكە كێش تایبەتییەكی بنچینەی ناسینەوەی شیعرە كەئەمە لە پەخشاندا نییە یان بەو جۆرە نییە))[71].

**مۆسیقای شیعری دەكرێت بە دوو جۆرەوە**

أ. مۆسیقای دەرەوەی شیعر: هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە كەئەركی رێكخستنی ڕووكاری دەرەوەی شیعر لە خۆدەگرن، كەبریتین لە كێش و سەروا.

كێش: كۆڵەكەی سەرەكی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییە، كەڕەگەزێكی بنەڕەتی شیعر پێكدەهێنێ، هیچ شیعرێك بەبێ كێش نابێت.

سەروا : بنەمایەكی تری مۆسیقای دەرەوەی شیعرییە كە لایەنی ئیستاتیكی و جوان و مۆسیقایەكی ڕەوان بە دێڕەشیعرەكان دەبەخشێ و بریتییە لە دەنگێك یاخود كۆمەڵە دەنگێك كە لە كۆتایی هەموو دێڕەكاندا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود كۆپلەیەكدا دووبارە دەبێتەوەو ئاوازو مۆسیقایەكی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەكە"[72]

ب. مۆسیقای ناوەوەی شیعر:مۆسیقای ناوەوەی شیعر كە ڕیتمی شیعر پێكدەهێنێ لایەنێكی گرنگی مۆسیقای شیعرییەو لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا مۆسیقای گشتی هەڵبەست پێكدەهێنن، مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە رێكخستنی وردو جوانی وشەكانی ناو دێڕە شیعر وپاش وپێشكردنیان ودووبارەكردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێكی ڕەوان بە شیعرەكە دەبەخشێ، كەهەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر كاریگەرترە.

مۆسیقای ناوەوەی شیعر بریتییە لە ئاوازی دەنگەكان و لێكدان وپێكەوە گونجاندنیان و پاش وپێش خستنی وشەو بەكارهێنانی هەندێك لە ئامرازە زمانییەكان بە جۆرێك كە زۆر جار لە كێشەكان كاریگەرتر دەبن"[73]

## چوارەم _ ڕەمز (Symbol)

ڕەمز چەمكێكی ئاڵۆزی هەیە و گرنگییەكەشی وای لێكردووە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ بكرێت و هەر نوسەر و ڕەخنەگیرێك بە پێی تێگەشتنی خۆی بۆ ئەم چەمكە پێناسەی بكات:

---

[70]- هەمان سەرچاوە، ل٨٤

[71]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١٠٧

[72]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١١٨

[73]- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠

فەرهەنگی ویبستەر(webester ) لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسەی ڕەمز دەكا كە(واتا یان ئاماژەیە بۆ شتێك لەڕێگەی بوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا )، هەروەها لویس هۆرتیك(Louis Hourticq ) بڕوای وایە شیعر بەبێ ڕەمز نابێ و دەڵێ: (شیعرێك نییە كە تۆزێك ڕەمزی تێدا نەبێت)[٧٤]. ڕەمز بە واتایە فەلسەفییەكەی (شتێكی بەرجەستەیە ئاماژە بۆ شتێكی واتایی دەكات، لێكچوونێكیش لەنێوان هەردووكیاندا هەیە)[٧٥].

ڕەمزیش لە ئەدەبدا بریتییە لە (ئامادەكردن بە وشەیەك كە واتای شتێكی هەستی یاخود ژیری دەگەیەنی، بۆ مانایەكی دیارینەكراو بە وردی و جیاواز بە پێی خەیاڵی نووسەر. و خوێنەرانیش جیاوازن لە تێگەیشتن و دەرك پێكردنی مەوداكەی بە پێی ئاستی ڕۆشنبیرییان و ناسكی هەستیان، هەندێكیان لایەنیكی لێ دەبینن، هەندێكی تر لایەنێكی تر، یاخود بە ئاشكرای دەردەكەوێ و ڕۆشنبیر بە ئاسانی تێی دەگات" ڕەمز واتایەكی شاراوەیە لە پشت واتایەكی ترەوە خۆی حەشارداوە. (د.احسان عباس) دەڵێ: "ڕەمز واتایەكە لە پشت مانای ئاشكرادایە لەگەڵ دانانی مانای ئاشكراش بەمەبەست)[٧٦]

بۆدلێر، پێی وایە ((دنیا بێشەیەكی لێوانلێوی هێما و ئاماژەیە، حەقیقەت لە خەڵكی ئاسایی پەنهانە و تەنیا شاعیر بەزەبری ئەو ئیدراكەی هەیەتی، لە ڕێگەی لێكدانەوەو ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدەكات))[٧٧].

لە كردەی بەڕەمزكردنی وشە لەناو شیعردا (كارلوس یوسونیو)دەڵێت: ((شاعیر وشەیەك یان دەربڕینەك بەكاردێنێ كە بوونی هەبێ و بەرجەستەبێ بۆ شتێك كە یان بوونی بەرجەستەی نەبێ یان ئەگەری بەرجەستەبوونی كەم بێ، گرنگ لەكارەكەدا ئەوەیە واتایەك خۆی لە پشت بەكارهێنانەكەوە حەشاردابێ))[٧٨]

ئەرنست كاسیرەر(١٨٧٤-١٩٤٥ز Arnst Cassirer ) لە پێناسەی ڕەمزدا دەڵێت: ((ڕەمز بەرهەمێكی ڕۆشنبیرییە، دەچێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی دەربڕین و لێكدانەوەی تایبەت بە مرۆڤەوە، هەروەها بڕوای وایە هونەر ئاشكراكردنی واقیع و گوزارشتكردنە لەم واقیعە لەوێنەی ڕەمزیدا))[٧٩]

ڕ.لاكرۆز(R.Lacroze ) بڕوای وایە ڕەمز گوزارشت لە بیری مرۆڤ ناكات، بەڵكو جێگەی دەگرێتەوە و دەڵێ: ((ئەركی سەرەكی ڕەمز ئەوە نییە گوزارشت لەبیربكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە جێگەی دەگرێتەوە بە مجۆرە ڕەمز دەبێتە بەربەست لەڕێگەی گەشتن بە ناوچەی هۆشیاری ڕوون))[٨٠].

یتس(Yeats ) ڕەمز بە تاكە گوزارشتی گونجاو دادەنێ بۆ دەربڕینی نەبینراو و دەڵێ: ((ڕەمز تاكە گوزارشتی گونجاوە بۆ جەوهەری نەبینراو، وەكو چرایەكی تەنك لە دەرەوەی شتێكی بزوێنەر لەودیوی هەستەكانەوە هەنگاو دەنێت))[٨١].

---

[٧٤]- دەڕوانرێتە ئاسۆعمر مستەفا، ل١٦٦

[٧٥]- دەڕوانرێتە محەمەد عبدالكریم ئیبراهیم، ل١٣٧

[٧٦]-دەڕوانرێتە سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ل٢٥٧

[٧٧]-ڕەزا سید حسەینی، قوتابخانە ئەدەبییەكان، وەرگێڕانی حمەكەریم عارف، چاپی یەكەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٦، ل١٥٦

[٧٨]- محەمەد عبدالكریم ئیبراهیم، ل١٣٧

[٧٩]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١٦٦

[٨٠]- هەمان سەرچاوەل١٦٦

[٨١]- هەمان سەرچاوە، ل١٦٦

ڕەمز بە شێوەیەکی گشتی هەڵگری دوو واتایە: (یەکەم: ناوهێنانی شتێك بەشتێکی تر یان ئاماژە بۆکردنی بەشتێك. دووەم: تێکەڵبوونی دوو شت یەکێکیان ئاشکراو ئەویتریان شاراوە ونهێنی)[82].

ڕەمز دیاردەیەکی تازە نییە لە ئەدەبدا، بەڵکو لە ئەدەبە کۆنەکانیش بەرچاوکەدەوێ ئەفسانە و خرافاتەکان دەریایەکی پڕ لە ڕەمزی جۆراوجۆرن و سامانێکی ڕۆشنبیری گەورە پێکدێنن کە شاعیر دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ و گەلێ داهێنانی ئەدەبی تازەیان لێ بەرپابکات، شاعیری ڕاستەقینەش ناتوانێ دەستبەرداری ئەم کەلەپوورە مرۆڤایەتییە بێت و پشت گوێی بخات. چونکە لە ((تێڕوانینی هەر ڕەمزێك لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا خۆمان لە بەرامبەر وێنەیەکی دەوڵەمەند لە واتادا دەبینینەوە، کە ئەگەری زۆری لێکدانەوە و تێگەیشتن دەگریتە خۆی))[83].

ڕەمز لای شاعیرانی سەر بە ڕێبازی سیمبولیزم بریتییە لە ئیحا گەیاندن.((ئیحاش بریتییە لە دەربڕینی ناڕاستەخۆ لەو لایەنە قوڵانەی دەرونەوە کە گوایە زمان بە واتا (وچعی)یەکانی ناتوانێ دەریان ببڕێ. ڕەمز پەیوەندی نێوان خود و جەوهەری شتەکان دەردەبڕێ))[84]. بوونی ڕەمز لە شیعردا ((ئەو دیاردەیە بوو کە تەکانێکی نوێ ی بە ڕەخنەی ئەدەبی دا، چونکە لە شیعرە کۆنەکاندا ڕەمز بەو بوونە چڕەی سەدەی بیستەم بوونی نەبوو، ئەو ڕەمزانەش کە هەبوون ئەوەندە سواو بوون بەجۆرێك لە ڕەمزێتی دەرچوون و بوونە هێما( دال ) بۆ زنجیرە ( مەدلوول )ێك یان بۆ سەربردەیەك کە هەر لەگەڵ بیستنی ئەو ڕەمزە، خوێنەر سەربردەکەی دەهاتە بەرچاو))[85].

د. علی جعفر دەڵێت: ((ڕەمزە کۆنەکان ڕەمزی گشتی بوون، هەموو شاعیرێك بۆ هەمان مەبەست بەکاریدەهێنان، هەر لەبەر ئەوەش بوونە ڕەمزی سوار، بەڵام ڕەوتی نوێگەری وەك ئەوەی لە بواری فۆڕمی شیعر کەرەستەی نوێ داهێنا، بەهەمان شێوە گۆڕانی لەبەکارهێنانی ڕەمزیش بەرپاکرد، ئەویش بە هاندانی شاعیر بۆ دروستکردنی ڕەمزی تایبەتی خۆی))[86].

هەموو کارێکی ئەدەبی کۆمەڵێك ڕەمزی تێدایە، بەڵام تا ڕەمزەکان زۆرترین ئەوەندە زیاتر زمانی دەقەکە بەرەو زمانی شیعری دەڕوا. شاعیر ڕەمز بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی شان لە شانی بیرە پەتییەکان (ئەبستراکت) بدات. بیرە پەتییەکان ئەو بیرانەن یان ئەو حەز و ئاواتانە کە ئاشکرا نابن و بە بەرجەستەیی ناکەونە بەرچاوان، ئەمەش چ بەهۆی ترس، ترسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی، یان لەبەر فەوتان، فەوتانی ئەو پیرۆزیەی لە( تەجرید )بونی بیرۆکەکاندا هەیە بەجۆرێك کە ئەگەر بەرجەستە بن ئیتر پیرۆزی و چێژی ئەدەبییان نامێنێ، لێرەشدا ڕێژەی ڕۆمانسیەتی شیعری دەبێتە سفر، چونکە شاعیر هەموو بیر و حەزەکانی لە شیعرەکەدا بەدەست دێ، ئەمەش پێچەوانەی سروشتی شیعرە کە هەردەم پڕە لە حەزی کاملنەبوو و لەبیری ناکام، بۆیە ڕەمز نوێنەری هەموو ئەو حەز و بیرانەیە کە نایانەوێ ئاشکرا بن.[87]

---

[82]- سالم احمد الحمدانی، مزاهب ألادب العربی، گبع الاول، مگبعە التعلیم العالی، موصل، ١٩٨٩،ص٢٢٥

[83]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ل٢٥٧

[84]- ئاسۆ عمر مستەفا، ل١٦٧

[85]- محەمەد عبدالکریم ئیبراهیم، ل١٣٧

[86]- هەمان سەرچاوە، ل١٣٩

[87]- محەمەد عبدالکریم ئیبراهیم، ل١٣٧

دیاره شاعیر که مانا ئاشکراکەش دادەنێ بۆ حەشاردانی ئەو مانایەیەی دەیەوێ بەبێ هۆ نییە، بەڵکو لە مانا ئاشکراکەشدا مەبەستی خۆی هەیە. چونکە "ئەگەر زەندمان کرد کە دەقی ئەدەبی دوو مانا دەگرێتە خۆی دەرەکی و ناوەکی دەتوانین بڵێین کە ڕەمز دەلالەتە لە مانا ناوەکییەکە لەگەڵ ئیعتبار کردنی مانای دەرەکی بەمەبەست" واتە دەقی شیعری دوو ڕووی هەیە ڕووی دەرەوەی ئاشکرایە و زۆرکەس تێی دەگا، بەڵام ڕووی ناوەوەی نادیارە چونکە "ڕەمز بە ڕووێکی دەمامکدار لە ڕووەکانی گوزارشت کردنی بە وێنە زیاتر هیچ نییە" شیعر بۆ سروشتی یەکەمی دەگێڕێتەوە، چونکە شیعر لە بنچینەی مەبەستەکانیدا گوزارشت کردنی ڕاستەوخۆی شتە واقیعیەکان نییە بەڵکو گوزارشت کردنە لێیان بە ڕێگەی وێنەیی و ئاماژەیی" لێرەدا دەردەکەوێ کەرەمز وەکو گە نجینەیەکی پڕ لە مانا و واتای جۆراوجۆرە. چونکە (ڕەمز لە کرۆکییەوە سروشدارە و تەنیا بە وێنە کێشانی شتە ماددییەکان ناوەستێ، بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ گواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی هەیە لە دوای ئەوەی کە هەست وەریدەگرێ، هەروەها گرنگی دەدا بە گوزارشت کردن لەو بارە نادیارەی کە بۆ قووڵایی خود شۆڕ دەبێتەوە، مەبەستی شاعیری ڕەمزیش گەیشتنە بە خولقاندنی بارێکی دەروونیی دیاریکراو لە کەشی (جەو)ی شیعرەکەدا) ئەوکاتەی زمانی ئاسایش دەستەوەستان دەوەستێ لەڕووی بەجێهێنانی ئەو ئەرکەو ناتوانێ لە سنووری شتە هەستییەکانەوە دەربچێ بەرەو بارە دەروونییە حەشاردراوەکان.[88] بۆیە لەم حاڵەتەدا بەکارهێنانی ڕەمز وەك دورکەوتنەوەیەکە لە بەکارهێنانی ڕێگای ڕاستەوخۆی وشەکان

ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:[89]

١. ڕەمزی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە ڕەمزەیە کە کۆمەڵگا بە گشتی لەسەری کۆکە و سیمایەکی نێونەتەوەیی هەیە وەك(کۆتر ڕەمزی ئاشتییە، ڕەنگی سور ڕەمزی ترسناکییە)

٢. ڕەمزی مێژوویی: ئەو ڕەمزانەن کە لە ڕووداوە مێژووییەکان وەردەگیرێن جا چ ناوی کەس بن یان ناوی شارو دێهات یان ناوی ڕووداوێکی دیاریکراو وەکو پەیماننامە سیاسییەکان. بۆ نمونە ((قەڵای دمدم)) ڕەمزی خۆڕاگیرییە لای کورد.

٣. ڕەمزی ئەفسانەیی: ئەو ڕەمزانەن کە لە ئەفسانە میللییەکان وەردەگیرێن و واتا لە خۆیاندا حەشار دەدەن. وەك (شێخی سەنعان) ڕەمزە بۆ ئیشقی پاك.

٤. ڕەمزی کەسی: ئەم جۆرەیان تایبەتە بە داهێنانە کەسییەکان لە بواری ڕەمزدا، زۆربەی ڕەمز بەکارهاتووەکانی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر ڕەمزی کەسین. واتە شاعیر خۆی دەزانێ ئەو وشەیەی بۆ لەو جێگایەدا بەکارهێناوە و پێشتر کۆدەنگیەك نەبووە لەسەر بەکارهێنانی. شاعیر ڕەمزی کەسی بە دوو شێواز درووستدەکات، یەکەمیان بەبەکارهێنانی نوێ ی ڕەمزە کۆنەکان، ئەم کارەش لە لادانی واتای نزیك دەکەوێتەوە. دووەمیان بە خولقاندنی ڕەمزی نوێ، ئەمەش لێڵی زمانی شیعری لێدەکەوێتەوە.

## پێنجەم_ ناوەڕۆك

---

[88]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ل٢٥٧

[89]-محەمەد عبدالکریم ئیبراهیم،ل١٣٨

ناوەڕۆك هەموو ئەو شتانەیە لە ناو كارە ئەدەبییەكەدا هەیە بە بیرو بابەتیشەوە، جگە لەڕوخسار"[90]، یان ناوەڕۆك بریتییە لەو بیرو سۆزو هەڵچوون و خەیاڵەی كە لە ڕوخسارەكەدا داڕێژراوە، ((ناوەڕۆكی شیعرێك بەو بیرو هەست وسۆزە دەوترێ كەبەهۆی شێوەوە هاتۆتە گۆ))[91].

لەبارەی تێكەڵاوی وپەیوەندی بەتینی نێوان شێوە وناوەڕۆك و توانای لێكجیاكردنەوەیان لە یەكتر((ڕەنگە وابێتە بەر زەین، كە ناوەڕۆك وشێوە دوو زاراوەی ڕوون و ئاشكران و دەتوانین بە ئاسانی جیایان بكەینەوە، بەڵام ڕاستییەكەی وانییەو پڕ كێشەو ئاڵۆزییە،... بۆ ڕونكردنەوەی زیاتری ئەم مەبەستە دەڵێین: شاعیرێك هۆنراوەیەكی هەیە دەربارەی بابەتێكە، شاعیرێكی تر ناتوانێ دەقاودەق هەمان شیعر دەربارەی هەمان بابەت بنوسێ))[92].دیارە گۆڕانكاری لە ناوەڕۆكی شیعریدا لە ئەنجامی ئەوبیرو هەست وسۆزەوە دێت كە بابەتی نوێ لە شیعردا دەخولقێنێ، زۆرجار ئەم سەرهەڵدانی بابەتە نوێیە بۆخۆی نوێگەری لە شیعردا بەرجەستەدەكات، چونكە وەك پێشتر باسكرا، یاخیبوونی شاعیرە نوێخوازەكان لە شێوازی كۆنی شیعر، هاوكات بوو لەگەڵ گرنگیدان بە ناوەڕۆك و فەراهەم كردنی فۆرم لە خزمەتی ناوەڕۆكدا، ئەوەی لە ناوەڕۆكدا سەر هەڵدەدات ڕەنگدانەوەیەكی واقیی دەرەوەیە و دەبێتە ناوەڕۆك ومەبەستی شیعر، هەر ئەمەشە وای كردووە كە پەیوەندیەكی بەهێز وتندووتۆڵ لە نێوان شێوە( ڕوخسار )وناوەرۆكدا دروست بێت بە جۆرێك((هەمیشە پەیوەندی نێوان ناوەڕۆك وشێوە لە ئیستێتیكدا باسێكی ئاڵۆزو دەمەتەقێ هەڵگربووە))[93].

ناوەڕۆك زیاتر پەیوەندی هەیە بەو بابەتانەی كە بەژیانی خەڵكەوە پەیوەستە و ڕوخساریش زمانی هونەرییە، ((ناوەڕۆك وشێوەی بەرهەمی ئەدەبی، یەكێتیی دوو دژن، ناوەڕۆكی بەرهەمەكە لایەنی ژیانی گیانی وچالاكی خەڵك دەگرێتەوە، بەڵام شێوەی بەرهەمەكە، دیاردەیەكی مادییە... دۆزینەوەی فۆڕمێكی گونجاو بۆ ناوەڕۆكی بەرهەمێكی هونەری، پرۆسەیەكی زۆر ئاڵۆزو درێژخایەنەو هونەرمەند لە ئەزمونێكی ئاڵۆزو چڕدا، دوای ئەوەی كارامەیی و وەستایەتی پەیدا دەكا، دەتوانێ شێوەی گونجاو بۆ ناوەڕۆكی بەرهەمەكەی بدۆزێتەوە))[94].

بۆچونێكی تر هەیە كە ناوەڕۆكی پێ گرنگ نییە و مەرج نییە هەمە چەشنەی ناوەڕۆك و بابەت مانای بەهاداری ببەخشێ بە شیعر چونكە پێی وایە((ئیمە لە پێناوی بابەتدا شیعر ناخوێنینەوە بابەتی كاری ئەدەبی هیچ بەهایەكی پێنابەخشێت، بۆ جەختكردنی لەسەر ئەم بیرۆكەیە ئەو جیاوازییەی نێوان ئەزمونە شیعری و هونەرییەكان دەخاتە ڕوو كەلە سەر یەك بابەت دەنووسرێت ئەمە وەك بەڵگەیەك دێنێتەوە، كەداهێنانی هونەری بە پلەی یەكەم بۆسروشتی نووسەرو توانا هونەرییەكانی و ڕادەی زاڵ بوونی لەسەر ئەزمونەكەی و توانای لەسەر ڕەگەزە هونەرییەكان دەگەڕێتەوە))[95].بەم بۆچونە ناوەڕۆك و بابەت توانای داهێنانیان نییە،بەڵام بە پێچەوانەوە ناوەڕۆك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە گۆڕانی ناوەڕۆكی شیعری بەیەكێك لە ڕێگاكانی نوێگەری دێتە ئەژمار لە شیعردا.

---

[90]- هەڤاڵ ئەبوبەكرحسەین، ل٣٦

[91]- پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر،ل٣٠

[92]- هەمان سەرچاوە ل٢٩

[93]- هەمان سەرچاوە، ل٢٩

[94]- هەمان سەرچاوە، ل٢٧

[95]-شكری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی،چاپی یەكەم، چاپخانەی ماردین ، هەولێر،٢٠١٠،ل٦٨

بابەت و مەبەستەكانی شیعر كە ناوەڕۆك پێكدەهێنن لە نیشتمانی وكۆمەڵایەتی ودڵداری و وەسفی سروشت ونەتەوایەتی و....هتد پێك دێن ودەبنە هۆكاری گۆڕانكاری و نوێگەری

## بەشی دووەم

## سەرەتاكانی نوێگەریی لە شیعری كوردیدا

چەمكی نوێكردنەوە –هەرچەندە كە چەمكێكی زاراوەییە زیاتر لەوەی كە شیعری بێت- لە گەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی شیعردا لە برەوێكی هەمیشەیی دایە، واتا پێویستی بەوە هەیە ، كە هەنگاوی دوای ئەوە لە هی پێشووتر باشتر بێت بەو مانایەی كە حە تمییەتی مێژووی گۆڕان دەبێت هەردەم بە ئاراستەی پۆزەتیڤی بڕوات"[٩٦].

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لەئەوروپا وەكو قۆناغێك بەر لە ڕۆمانسییەت، خەباتێكی ئایدۆلۆژی چینی ناوەڕاست دژی زوڵم وزۆری چینی دەرەبەگ سەری هەڵدا، بەمەش ڕێگەخۆشكەربوو بۆ شۆڕشی فەرەنسا( ١٧٩٩ )و سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، ((لایەنی نێگەتیڤی شۆڕشی فەرەنسی لەئەدەبی فەرەنسیدا ڕەنگیدایەوەو ئەو نەهامەتی وشكستەی ناپلیۆن لە جەنگی( واترلۆ )دا بووە هۆی ئەوەی كار لە دەرونی ڕوناكبیران وشاعیرانی سەردەم بكات...شۆڕشی فەرەنسی بووە هۆی ئەوەی بە تێڕوانینێكی تازەوە، لە كەلەپووری گریك ورۆمان بڕوانرێ وبلاوبونەوەی ( هەستی نەتەوایەتی )یش بووە هۆی ئەوەی كە هەر زوو خۆیان لە كەلەپووری یۆنان و ڕۆمان ڕزگاربكەن))[٩٧]، لەگەڵ دەركەوتنی ڕۆمانسیەت زاراوە وچەمكی نوێگەری سەری هەڵدا، ((لێرەدا چوارچێوەیەكی گشتی هەیە چەمكی ڕۆمانسیەت دیایدەكات، دیاریدەی دەستنیشانكردنی مۆركە شێوازگەرێتییەكەی دەدات،... وشەی نوێگەری تاو ناتاوێ وەكو هاو واتای ڕۆمانسییەت بەكارهاتووە، كەشارستانییەتی ئەوروپای داپۆشیوە،( كرترودشتاین ) جەخت دەكاتەوە، ئەو وشەیە چاكترین وەسفكاریی پێكهاتەی سەدەی بیستەمی ڕووە گشتییەكانە))[٩٨].

شێتكی ئاشكرایە هەر ڕێباز وبیرێكی نوێ سەرهەڵدەدات تەنها لە سنوری ئەو وڵاتانا نامێنێتەوە كە تیایدا سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەی گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە یەكەوە نزیكن وبەناو یەكدا چوون بۆیە ئەو ڕێبازو بیرەنوێیانە پەلوپۆی دەهاوێت وبە پێی درەنگ وزووی بەرەوپیرەوەهاتن وپێشوازی لێ كردنی دەگاتە سەرجەم وڵاتان، دكتۆر مارف خەزنەدار ئەڵێ: ((ئەو بارودۆخە مێژووییەی كە ڕێبازی ڕۆمانتیكی لە ئەوروپا دروستكرد،( سەرهەڵدانی چینی بۆرژواو خەباتی دژی دەرەبەگ ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا یان بەتایبەتی لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا لەكۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەما سەری هەڵدا...ئەگەر چی بزووتنەوەی پێشكەوتنخوازی توركەكان ئامێزی بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی كورد نەگرتەوەو ئەدەبی توركیش ئەو ئاوێنە نەبوو كەمیللەتی كورد هیواو ئاواتی خۆی تیا بەدی بكات، بەڵام ئەم ڕوداوە تاڵە ڕێی لە ڕۆشنبیرانی كورد نەگرت كە خۆیان پاراو بكە لە سەرچاوە ڕوونە پێشكەوتوو خوازەكانی توركیا))[٩٩]،دیارە سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت

---

[٩٦]- دەروانرێتە، د. ئازاد عبدالواحید، نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا ل٢٠

[٩٧]- د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەكان، ل٨٥

[٩٨]- مالكم برادبری وجیمس ماكنارلن، ل١٥

[٩٩]- مستەفا سالەح كەریم، باخێك لە ...، ل١١٤

وكەریگەرییەكانی لەسەر ئەدەبی توركی كاری گەورەی كردە سەر شاعیران و نووسەرانی كورد بە تایبەت ئەوانەی زمانی توركییان بەباشی دەزانی، ئەمەش هۆكاری نوێگەری بوو لە شیعری كوردی وئەدەبی كوردیدا.

هەر لەبارەی سەرهەڵدانی نوێگەری لە ئەدەب وشیعری كوردیدا دكتۆر هیمداد حوسەین دەڵێت: ((كەباس لە دەركەوتن وبڵاوبوونەوەی رێبازی رۆمانسییزم لەئەدەبی كوردیدا دەكرێ راستەوخۆ بە تازەبوونەوەی ئەدەبی كوردییەوە دەبەسترێتەوە، بەو پێیەی هەرچی ئەدەبی كوردی پێش رۆمانسییزم هەیە دەچێتە خانەی ئەدەبی كلاسیكی كوردییەوە*،بێگومان ئەم بۆچوونەش بەڕاست دەگەڕێتەوە، ئەو كەش وهەوای یاخی بوون وتازەگەری* وگۆڕانەی رۆمانسیزم لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتبوو، دەتوانین بە تازەگەرییەوە پەیوەستی بكەین))[١٠٠]، پاش ئەو گۆڕانكارییانەی لە ئەوروپاو توركیا وناوچەكە سەریهەڵدا ((دەبوو هونەرو ئەدەبێكی تازەش بێتە كایەوە، كە دەربڕی ئەو بارودۆخە تازەیەبێت و لەگەڵ ڕەوتی تازەی سەردەمەكە بگونجێت... سەربەستییەكی تازە و بێ سانسۆریی لە توركیا هاتە كایەوە...جموجوڵی تازەی خستە ئەدەبی توركییەوەو دواتر لەئەدەبیاتی میللەتانی ناوچەكەدا رەنگیدایەوەو لە ئەدەبی كوردیشدا خۆی نواند))[١٠١].

لەباسی ئاماژەیەك بۆ هەوڵە بەراییەكانی مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعری كوردی نابێت هەوڵەكانی حاجی قادری كۆیی لە بەرچاونەگیرێت كە لە دەسپێشخەرییەكانی بۆ گۆڕین ونوێكردنەوەی ناوەڕۆكی شیعر ئەنجامی داون لەیەكێك لە ژمارەكانی (تێگەشتنی راستی-١٩١٨) باس لەم هەوڵەی حاجی قادر دەكات ودەڵێ: ((حاجی قادر وتمان شاعیرێكی بێ نەڤیری كوردە، شیعرەكانی زۆر وتەجەدیدانە خۆی (غایات)میللەت پەروەرە،...هەر لەگەڵ ئیجتماعیاتی قەومی كورد حەیاتی شیعری رابواردووە))[١٠٢]، (بەڵام باسكردنی مەسەلەی نوێكردنەوەی ناوەڕۆكی شیعر لای حاجی قادر لەسەر لاپەرەكانی رۆژنامەكە ئەگەرچی بە مەبەستی وروژاندنی مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعر نەبووە، بەڵام وەك سەرئەنجام بۆتە سەرەتایەك بۆ باسكردنی ئەم مەسەلەیە لەرەخنەی ئەدەبی كوردیدا)[١٠٣]، هەر لەباسی ئەوانەی گۆرانكاریان بەئاراستەی نوێگەری ئەنجامداوە لەشیعری كوردیدا، ((پێش ئەوەی كێشی پەنجە لەشیعری شێخ نوری و گۆران و پیرەمێردا ببینین، هەرلە شیعری بیر ڕووناك وڕابەرێكی وەك عەبدولرەحیم رەحیمی هەكاریدا، ئەم چەشنە كێشە ئەبینین))[١٠٤]،سەبارەت بەسەرەتاكانی رۆمانسیزم د. دڵشاد علی دەڵێ:((بەم شێوەیە سەرەتاكانی ڕۆمانسیزم لە شیعرەكانی( پیرەمێرد )و( شێخ نووری )دا دەردەكەوێت ودواتر (گۆران) بووە یەكێك لە دیارترین شاعیری ئەو رێبازە، دیارە دەبێ ئاگایشمان لەوە هەبێت كە پێشتر سیماو شەقڵی ڕۆمانسیزم لە شیعری شێوەی گۆرانی( هەورامی )دا دەركەوتووە، بە تایبەتی كارگەری مەولەوی وخانای قوبادی وبیسارانی لەسەر شاعیرانی وەكو پیرەمێردو گۆران بەتایبەتی هەستی

---

[١٠٠]- د. هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەكان، ل١١٥

[١٠١]- هەمان سەرچاوە، ل١١٥

* دیارە مەبەستی نوسەر لە تازەگەری هەر نوێگەرییە چونكە لە فەرهەنگ وئەدەبی كوردیدا بەشێوەیەكی فراوان ئەو دوو زاراوەیە تێكەڵ بەیەكتر دەكرێن

*هەنێ بۆچوونی واهەن كە ماوەی ئەدەبیاتی كوردی لەسەرەتاوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بە ئەدەبی كۆن ناودەبەن،گوایە ناشێت ناوی كلاسیكی لێ بنرێت، بەڵام دكتۆر هیمداد هەرچەندە بۆچوونی وایە كەجیاوازی لە نێوان كلاسیكی كوردی وكلاسیكی ئەوروپیدا هەیە، بەڵام بونی كلاسیكی كوردی لە قۆناغەكان دەستنیشانكردووە ونكولی لێ نەكردوە بڕوانە د. هیمداد، رێبازە ئەدەبییەكان ل١١٥

[١٠٢]- د. پەرێز سابیر، ل٢١

[١٠٣]- دەڕوانرێتە هەمان سەرچاوە ل٢١

[١٠٤]-د.عیزەدین مستەفا رەسوول، ئەدەبیاتی نوێی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی التعلیم العالی،هەولێر ١٩٨٩،ل٥١

پێدەکرێت))[105]، ئەزمونی ئەو کوردانەی کە لە تورکیا دەژیان و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان مەشخەڵێکی بە هێزی ئەو نوێگەرییە بوو، هەروەك دەوترێ ((گەڕانەوی هەندێ لە نوسەری کورد، کەساڵەهابوو لەتورکیای عوسمانیی دەژیان و لەوێ سودیان لەئەزموونیی نوێخوازی وژیانی ئەدەبی ئەوێ وەرگرتبوو، وەکو( پیرەمێرد١٨٦٧-١٩٥٠) و (زێوەر١٨٧٥-١٩٤٨)...هتد بەتایبەت پیرەمێرد لەهەموویان زیاتر بەو تازەگەرییە کاریگەربوو وباشتر لەگیانی ئەو نوێخوازییە تێگەیشتبوو...بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەی بە نوسینی درامای هونەریی تازە لەسەر بنچینەی فۆلکلۆرو کەلەپوری میللی و بەکارهێنانی کێشی پەنجەو بەکارهێنانی زمانێکی کوردی دوور لە وشەی بیگانە...ئەمانە هەموو لە سیماکانی تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردیی( پیرەمێرد )ن))[106].

هەر لەو سەردەمانەدا لە ناوخۆی کوردستانیش هەندێك لەو شاعیرانە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی تورکی و فارسییەوە ئاگاداری تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی ناوچەکە بوون، وەکو ئەوڕەحمان بەگی بابان و شێخ نووری شێخ ساڵح( ١٨٩٦–١٩٦٨ ) و گۆران( ١٩٠٤ — ١٩٦٢ )و ڕەشید نەجیب و....هتد.

هەرچەندە کاکەی فلاح بۆچوونێکی تاڕادەیەك جیاوازتری هەیە و تەنها گۆران بە ڕابەرو بەردی بنچینەی نوێکردنەوەی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و بەڕای ئەو پیرەمێرد وشێخ نوری کەمتر ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەدا هەبووەو دەڵێت:((دەربارەی مەسەلەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی دوورنییە زۆر کەس لە ڕەخنەگران ونوسەران و شاعیران( پیرەمێرد ) و (شێخ نوری شێخ ساڵح )یان بەبیردا نەیەت ولەو باوەڕەدابن کەئەم دوو شاعیرە گەورەیە دەستێکی باڵایان هەبێت ولە مەسەلەی نوێ کردنەوەدا ئەرکێکی زۆریان کێشابێت))[107] بەنیسبەت پیرەمێردەوە دەڵێت: ((بەلای منەوە ئەگەر چی شاعیرێکی دیارو زۆر ناسراوە، بەڵام خاوەن ڕێبازو قوتابخانەیەکی دیاری کراو نەبو..بەبیرو بڕواو ڕەگ و ڕیشەی چێژو بەهرە و سەلیقە زۆرتر پابەندو بەخێوکەری بابەتی کلاسیك بو...ئەگەر چی لەشێوەدا، لەڕوی زمانی کوردی پەتی و کێشی خۆماڵی یەوە گیانێکی گۆڕین ونوێ کردنەوەی تیا بو))[108] لە بارەی شێخ نوریشەوە دەڵێت: ((وەك لە باسەکەی گۆراندا نوسیوومە، دەستێکی باڵای لە نوێ کردنەوەدا هەبو، ئەویش تەنها بە پەیڕەو کردن ولاسایی کردنەوەی شیعری نوێی تورکەکان ولەوە بەملاوە لە هەناسەو بەرهەم کەوت))[109]، لە بۆچونی تردا دیارە کە پیرەمێرد وشێخ نوریش کاریگەری گەورەو بەرچاویان هەبووە و تاڕادەیەکیش پێچەوانەی ئەو بۆچونەی کاکەی فەلاحە کە کەمتر بایەخ بە ڕۆڵی ئەو دوو شاعیرە دەدات لە نوێگەریدا، ڕەفیق حیلمی لەبارەی شێخ نورییەوە دەڵێت: ((( زەعیمی ئینقیلابی )ی شعری کوردی لە ناوچەی ( سولە یمانی ).ئەوانەی کە ئیمڕۆ خۆیان بە دامەزرینەری قوتابخانەی شیعری تازە ئەژمێرن ئەبی بزانن کە یەکەم بەردی بناغەی قوتابخانەکەیان لەلایەن نووری شیخ صالحەوە دامەزرا))[110]، هەر لەم بارەیەوە د.هیمداد دەڵێ: ((ئەگەر بەوردی بۆ سەرەتای ئەو تازەکردنەوەیە بچین، ئەوا( پیرەمێرد )و ( عبدالحمن بەگی نفووس )و ( شێخ نووری شێخ ساڵح )و ( گۆران )و ( ڕەشید نەجیب )و ( عبدالواحد نوری )بەڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەژمێردرێن و هەمووشیان بەئاشکرا

[105]- د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١١٧

[106]- هەمان سەرچاوە ل١١٧

[107]-حەمە حەمە ئەمین قادر( کاکەی فلاح )، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٠، ل٩

[108]- هەمان سەرچاوە ل٩

[109]- هەمان سەرچاوە ل١٠

[110]- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ل٤٨

**کاریگەری ئەدەبی تورکییان بەسەرەوە بوو))[111] ، گۆرانی شاعیر خۆی دان بەم ڕاستییە دائەنیّ، جیّگەی هەر یەکە و جۆری بەشدارکردنیان لە تازەکردنەوەدا دەست نیشان ئەکات . ئەوەتا لە چەند دیّڕیّکدا کەدەتوانین وەك بەڵگەی میّژووی سەیری بکەین ئەڵیّ: ((... نووسەر و شاعیرانی ئەوسا ،بەتایبەتی شیّخ نووری و ڕەشید نەجیب ومن، کە پیّکەوە بە ئەدەبی تورکی موتأسیر بووین وپیّکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنها شیّخ نوری شعرەکانی بڵاوئەکردەوەو من بڵاوم نەئەکردەوەو ئەو لەم بارەیەوە نشاگی دەرئەکەوت))[112].**

**هەوڵەکانی شیّخ نوری لەبارەی نویّگەرییەوە سەرپیّیی نەبووە،((خویّنەر بەوردی شویّن پیّی شیعرو نووسینەکانی شیّخ نووریی هەڵگریّ، ئەوەی بۆ ڕوون دەبیّتەوە کە لەگەڵ( نویّ بوونەوەکە ) سەرپیّیی و ڕاگوزار نەبووە، بەڵکو بە دڵ و بەگیان و لە قوڵایی ناخییەوە لەگەڵی هەڵتەکاوەو چووەتە ناو ئەزموونی شیعری کوردییەوە...بیّگومان ئەم پەیڕەوکردن وریّچکە تازەیەیی گرتییەبەر، لادان بوو لەو عورف ودابونەریتەی شیعر))[113] .**

**هەربۆیە یەکەم شەپۆلی نویّکردنەوەو تازەکردنەوەی شیعری نویّی کوردی بەشیّوەیەکی بنەڕەتی و بنیادی ((لە شیعرەکانی"شیّخ نوری شیّخ سالّح و گۆران"ی دەرکەوت، سەرەتا ( شیّخ نوری شیّخ سالّح )١٩٠٥-١٩٥٨ لە ژیّر کارتیّکردنی بزاوتی "فەجری ئاتی" وشیعرەکانی تۆفیق فیکرەتدا بوو بەهۆی سەهەڵدانی شیعری نویّی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، لە ڕاستیدا ( نوری شیّخ سالّح )یەکەم کەس بوو کە ئایدیای مۆدیّرنیزمی هیّنایە ناوڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئەگەر چی نوری بەهۆی سەرقالّبوون بە سیاسەتەوە نەیتوانی شیعرەکانی بە ئاستیّکی بەرز بگەیەنیّت، بەڵام توانی بەستیّك فەراهەم بکات بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشیّکی نویّ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە دواتر ( گۆران )ی شاعیر ( ١٩٠٤-١٩٦٢ ) ئەو شۆڕشەی بەئەنجام گەیاندو بەتیّکهەڵوەشاندنی ڕیّساو بەندوباوی شیعری عەروزی( وەزن وقافیەدار) توانی ڕیّبەرایەتیی ئەو شۆڕشە بە ئەستۆ بگریّت))[114]**

**سەبارەت بەڕابەرایەتی و ڕەچەشکیّنی،((گۆران پاش ئەوەی لە هەڵسوڕاندنی کیّشەکانی عەرووز ئەدویّ لەگەڵ هەندیّك جۆری تازەکردنەوەدا، دیّتەوە سەرباسی تازەکردنەوە و ڕابەرانی و ئەڵیّ: ...ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوانەوە نەوەستاوم وەزنی هیجاشم وەرگرت وبەکارهیّنا. وە هەر لەم کاتەشا لەسووریە کامەران بەدرخان و قەدری جان لە ڕووی هەستیّکی نەتەوایەتی یەوە هەڵبەستی هیجائییان دائەنا لە گۆڤاری ( هاوار )دا بڵاویان ئەکردەوە.))[115].**

**لە بارەی هۆکارەکانی ئەم تازەکردنەوەیە لە شیعری کوردیدا، د.هیمداد حوسیّن دەڵیّ: چەند هۆکاریّك یارمەتیدەرو ڕیّگە خۆشکەری ئەو تازەکردنەوەیە بوون، لەوانە:((بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەو ڕۆژگارەدا، پیّویستی بە ژیانیّکی نویّ و سەربەستی وگۆڕان لە چەمکی شیعریشدا هەبوو وەکو بەشداری کردنیّك لەو پرۆسەیەدا...هۆشیاری نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسیی لە چوارچیّوەی دەوڵەتیّکدا، بابەتە گەرماوگەرمەکانی ئەوێ رۆژیّ لە ناوەڕۆکی شیعری کوردیدا ڕەنگی دایەوە))[116].**

---

[111]- د. هیمداد حوسیّن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نویّی کوردی ،چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولیّر٢٠١٠،ل٤٦٠

[112]- هەمان سەرچاوە ،ل٤٦٠

[113]-ئازاد عبدالواحد، دیوانی شیّخ نووریی شیّخ سالّح، بەرگی یەکەم-بەشی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی ( دارالجاحڤ ) بغداد، ١٩٨٥، ل ١٥٧

[114]- حەمەی کەریمی، نویّخوازی و دەرکەوتەکانی لە شیعری نویّی کوردیدا، گۆڤاری هەنار، چاپخانەو بڵاوکردنەوەی سلیّمانی، ژمارە( ٩٢ )ی٢٠١٣

[115]- د.عیزەدین مستەفا رەسوول، ئەدەبیاتی نویّی کوردیل٤٨

[116]- د. هیمداد حوسیّن، دەروازەیەك بۆ رەخنە،ل٤٦٠

هەروەها لە بارەی هۆکارێکی ترەوە دەڵێ: ((لەباری رۆشنبیری وبڵاوبوونەوەی چاپخانەوچالاکی رۆژنامەوانی کوردی و دامەزراندنی هەندێ قوتابخانەو کۆمەڵی رۆشنبیرو پەروەردەیی هۆکاری تری ئەو وریابوونەوەو سەرهەڵدانی بیری تازەو رەوتی تازەی ئەدەبی بوون، بەتایبەتی لەرێگەی نمایشی شانۆیی وکردنەوەی خولی فێربوونی خوێندن بۆ هەمووان...هەروەها گەڕانەوەی هەنێ شاعیری کورد لە تورکیایی عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەروو هەموویانەوە، حاجی تۆفیق بەگ( پیرەمێرد )... بۆیە پیرەمێرد بەسەردەستەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕووی زمانێکی سادەو رەوانی کوردی و بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی بەکاریگەری شاعیرانی زاری گۆران دەژمێردرێت))[117].

## تەوەری یەکەم/ لایەنێك لە ژیان و بەرهەمی پیرەمێرد

کاتێك دیوانی پیرەمێرد بخوێنیتەوەو لە قۆناغی ژیان و تەمەنی ئەم شاعیرە ڕۆژنامەنووسە وردبیتەوە، هەر بە سەرنجدان لە هەڵوێست و چەمکەکانی ژیان و قۆناغەکانی تەمەنی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەڕاستی نمونەی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە، کە بایەخی ئەوەیان هەیە میللەت شانازییان پێوە بکات.

پیرەمێرد کەسێکە هێندە بە مەعریفەو ڕۆشنبیرو میللەت دۆستە، کە تەواوی ژیانی نمونەیەکە لە کەسایەتییەکی پڕ ئەزموون و خاوەن بەهرە، هەڵبەتە وەك هەر مرۆڤێکی بەهەڵوێست ڕێگەکانی ژیانی تاڵی و بەرزیی و نشێوی و خۆشبەختی و کامەرانی و بوون و نەبوونی چەشتووەو بەخۆوە بینیوە، وەك بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی دووچاری ئاوارەیی و دەربەدەریی بووەتەوە، هەربۆیەش ئەم جۆرە ژیانە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا کاریگەریی هەبووەو ڕەنگی داوەتەوە.

سەبارەت بەم شاعیرە لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کە تۆفیق مەحمود ئاغا ( پیرەمێرد ) لە ساڵی (١٨٦٧ز) لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی (گۆیژە) لە بنەماڵەیەکی خانەدان و خاوەن پلەو پایەیی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە چاوی بە دونیای ڕۆشن هەڵهێناوە. بە لەدایکبوونی مزگێنیو بەشارەتو خۆشحاڵی بەخشیوەتە دڵی کەسوکارو بنەماڵەکەی ).[118]

سەبارەت بە سەردەمی منداڵی پیرەمێرد دەوترێت: ((ڕۆژێك تۆفیقی تەمەن هەشت نۆ ساڵ لەگەڵ مامۆستاکەیدا لەسەر شیعرێکی ( حافیزی شیرازی ) تێك دەچن، چونکە خۆی بە خاوەن ماف ئەزانی، نەیویست لە واتەی خۆی پاشگەز بێتەوەو داوای لێبوردن لە مامۆستا بکات، ناچار حەسەنەفەندی مامی کە شاعیرێکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو، لەو حوجرەیە گواستییەوەو بردی بۆ حوجرەی مەلا سەعیدی زڵزڵەیی، هەر ئەو ڕۆژەش مامی پێیوت: ڕۆڵە قۆفیق، ئومێدەوارم دەم و نفوسی ئەم زاتە بتکاتە شاعیرێکی وەك من، هەرواش دەرچوو، نوقلانەکەی بەڕاست گەڕا، سەرەتای بەهرەی شیعروتنی تیا دەرکەوت))[119].

ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە لە هەندێ سەرچاوەدا باس لەوە کراوە، کە پیرەمێرد لە تەمەنی حەوت ساڵانەوە بردراوەتە حوجرەی مەلا حسەینی گۆجەو تا خوێندنی تەواو کردووە، لەوێ ماوەتەوە."[120].

---

[116]- هەمان سەرچاوە ،ل٤٦١

[117]- هەمان سەرچاوە ل٤٦٢

[118]- دەروانرێتە : محەمەد ڕەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم، چاپخانەی المعانی، بغداد،١٩٧٠، ل١٢

[119]- فایەق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الزمان، بغداد١٩٩٠ ل٦

[120]- ماڵپەڕی نووسین، ژیان بەرهەم داهێنان، http://www.nusin.net/dang

بەڵام ئەوەی ڕاستییە، لە زۆربەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا، ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە، کە پیرەمێرد تەنها ماوەیەك لەو حوجرەیە ماوەتەوەو دواتر ((لەسەر شیعرێکی خواجە حافز لەگەڵ مامۆستاکەیدا تێکچووە، لەبەر ئەوە حەسەنەفەندی مامی ئەیگوازێتەوە بۆ مزگەوتی مەلا حەسەنی زلزڵەیی))[١٢١]، کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو سەرچاوەیە کەوتووەتە هەڵەیەکی زەقەوە، لە گواستنەوەی ئەو زانیارییەی خستوویەتییە ڕوو لەبارەی ماوەی مانەوەی پیرەمێردی شاعیر لەو حوجرەکەی (مەلا حسەینە گۆجە)دا.

پیرەمێردی شاعیر لە ئەیلولی ساڵی (١٨٨٢)، کە تەمەنی شانزە ساڵان بووە، دەبێتە نووسەر لە فەرمانگەی نفووسی سلێمانی. دواتر دەکرێتە نووسەر لە دادگا. ساڵێك دوای ئەوەش دەبێتە فەرمانبەری زەوی و زاری موڵکی میریی لە هەڵەبجە، کە ماوەی سێ ساڵ لەو دەمێنێتەوەو لەکارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت. دواتر دەبێتە باش کاتب لە دادگەی چوارتا، ماوەیەکی زۆریش لە شارباژێڕ دەمێنێتەوە."[١٢٢] لە ساڵی (١٨٩٥) بووە بە جێگری بەڕێوەبەری کەربەلا، بەڵام نەچووە"[١٢٣] بۆ ئەمەش پێمانوایە ئەوە هەستی کورد پەروەریی بووە هانی پیرەمێردی داوە، کە نەچێتە کەربەلاو ئارەزووی ئەوەی بووە، هەر لە سلێمانی بمێنێتەوە خزمەتی شارەکەی خۆی بکات، کە مەڵبەندێکی کوردەوارییە.

لە ساڵی (١٨٩٨) پیرەمێرد لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید (باوکی شێخ مەحمودی قارەمان) چووە بۆ تورکیا، بۆ ساڵی دوایی شێخ سەعید و تۆفیق چوون بۆ مەکە بۆ حەج.

حاجی تۆفیق لە نووسینی فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە... لەبەر ئەوە کە چووەتە تورکیا عیزەت پاشای کاتبی دەرباری شەهرباری، لە ئەستەمبول وەڵامی ئەو نامە فارسییەی کە ناصرالدین شای ئێران بۆ سلتان عبدالحمیدی عوسمانلی ناردبوو، ئەی سپێرێ بە حاجی تۆفیق، کە وەڵامێکی بۆ ئامادە بکات... وەڵامەکەی پیرەمێرد بە فارسی زۆر بەرزو جوان ئەبێت و ئەچێتە دڵی کاربەدەستانی عوسمانلییەوە، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٩دا فەرمانی شاهانەی بۆ دەرئەچێت و ئەکرێت بە ئەندامی مەجلیسی عالی لە ئەستەمبوڵ و ڕوتبەی بەگێتی درایە، لەو ماوەیەدا بەهۆی عیزەت پاشاوە پیرەمێرد ئەچێتە مکتبی حقوق و شەهادەی حقوق لەوێ وەرئەگرێ"[١٢٤].

هەرچەندە (مستەفا صاڵح کەریم) لە پەراوێزی لاپەڕەی (١١)ی کتێبەکەیدا (باخێك لە وشە...) دەڵێت: ((هەندێ سەرچاوە دەڵێن لە ساڵی ١٨٩٩ ئەو سەفەرەی کردووە))[١٢٥]، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، کە نووسەری ناوبراو، ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردووە، کە ڕاستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن، بۆیە وای دەبینین، کە ئەو مێژووە، دوور بێت لەڕاستییەوە.

پاش ئەوەی کە لە ساڵی (١٨٩٨) مەجلیسی عالی نامێنێ و حاجی تۆفیق لە ئەستەمبوڵ دەست دەکا بە موحامێتی و نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار... لە پێش ئیعلانی مەشروتییەت، کە لە کۆمەڵێك لەو کوردانە پێکهاتبوو، کە لە ئەستەمبوڵ ئەبن بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵا، پیرەمێردیش یەکێ بووە لە

[١٢١]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل١٢، هەروەها دەڕوانرێتە: عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە١٣٨٩کۆچی هەتاوی.، ل٤٤٤ + مستەفا ساڵەح کەریم، باخێك لە ...، ل٩ + صدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز،١٣٧٠.ل٦٢٤).

[١٢٢]- دەڕوانرێتە: فایەق هۆشیارو ئەوانی تر...، دیوانی پیرەمێرد، ل٧

[١٢٣]- دەڕوانرێتە: عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٤٤٤

[١٢٤]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل١٤

[١٢٥]- مستەفا ساڵح کەریم، باخێك لە ...، ل١١

ئەندامانی ئەو كۆمەڵەیە، ڕۆژنامەی (كورد)ی بەڕێوەبردووە، كە زمانحاڵی ئەو كۆمەڵەیە بووە، هەر لەو سەردەمەدا بابەتی بۆ گەلێ ڕۆژنامەو گۆڤار ناردووە بە زمانی كوردی و فارسی، كە زیاتر هەڵبەست و پەخشان بوون.[١٢٦]

پیرەمێرد لەو سەردەمەی كە لە سلێمانی ژیاوە، خێزانی هەبووەو خاوەنی دوو كچ بووە، لە سلێمانی بەجێی هێشتوون و ماڵئاوایی لێكردوون و هەرگیز بەبیریشیا نەهاتووە، كە ئەو سەفەرە ئاوا درێژ بخایەنێ. بۆیە پاش ماوەی مانەوەی زۆری لە ئەستەنبوڵ بۆ كۆتاییهێنان بە ژیانی ڕەبەنێتی ماڵێك بۆخۆی پێكەوە ئەنێت و كچێك لە بنەماڵەیەكی ناسراوی (ئەدرنە) دەخوازێت بەناوی (سامیە خانم)، لەو خاتوونە دوو كوڕی دەبێ بەناوەكانی (نەژاد) و (وداد).[١٢٧]

دواتر پیرەمێرد پاش مانەوەی چەند ساڵێك لە توركیاو ئەنجامدانی چالاكی جۆربەجۆر لەڕووی ئەدەبیو هونەری و سیاسی و ڕوناكبیرییەوە، كە سەردەمێكی زۆری ژیانی گەنجێتی خۆی لە توركیا بەسەر بردبوو ((پاش ئەم ماوە دوورودرێژە، ئاگری جگەری دایكی نیشتمان هەڵی گرت، سۆزی خۆشەویستی كوردستانو بەسەرهاتەكانی خستییە جموجوڵو سەرسەودای گەڕانەوە... ئەو ڕۆژانەی كە پیرەمێرد ئەیویست لە توركیاوە بگەڕێتەوە بۆ كوردستان جیاوازییەكی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی كە نالی هەڵبەستە بەرزەكە بۆ سالم ناردبوو، بەلام سەردەمی گەڕانەوەی پیرەمێرد سەرەتای هێزی جولانەوەی نەتەوایەتی بوو، شێخ مەحمودی مەزن ئالای شۆڕشگێڕیو داواكردنی مافی گەلەكەی هەڵكردبوو))[١٢٨] بۆیە پیرەمێرد بڕیاری گەڕانەوە دەدات، ((ئەستەمبوڵ بەجێ ئەهێڵێت و ژنەكەیو دوو كوڕەكەی لە توركیا بەجێ ئەهێڵێت و خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ كوردستان، حاجی تۆفیق چەند ساڵێك لە شاری سلێمانی ئەمێنێتەوە بێ ئەوەی توخنی فەرمانی میری بكەوێت، لە ساڵی ١٩٢٦ لە مانگی كانونی یەكەمدا شارەوانی سلێمانی ڕۆژنامەی ژیان دەرئەهێنێت بە سەرۆكایەتی حسەین نازم، پیرەمێردیش ئەكرێت بە سەرنووسەری ڕۆژنامەكە))[١٢٩].

پیرەمێرد((لە ساڵی ١٩٣٤ ئیمتیازەكەی بۆخۆی وەرگرت و چاپخانەیەكی تایبەتی بۆخۆی كڕی لە پاش دەركردنی ژمارەی ٥٥٣ی ڕۆژنامەكە داخرا چەند مانگێكی پێ چوو ئیمتیازی ڕۆژنامەی حەفتەیی (ژین)ی وەرگرت و دەری كرد، بەم جۆرە دەستی دایە ڕۆژنامەچێتییەوە، تا لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە شاری سلێمانی كۆچی ماڵئاوایی لە دنیای شیعرو ئەدەب ئەكاو لە گردی مامەیارە، كە كەوتووەتە ڕۆژهەلاتی شارەكەوە- لەسەر وەسێتی خۆی ئەنێژرێ و گومەزێكی بەسەرەوە ئەكرێ))[١٣٠]

(عەلائەدین سەجادی) لەبارەی ژیانی پیرەمێردەوە لەماوەی ئەو ٢٦ ساڵەی دوایی ژیانی پیرەمێرد ژیاوە، دەڵێت: ((پابەندی عەنعەناتی دونیا نەبوو، ئەو ژوورەی كە ٢٦ ساڵ ژیانی سولەیمانی تیا ڕابووارد لە ژووری فەیلەسوفێكی دەوری جارانی ئەكرد... زستان هەر لەوێدا ئەنوست، لە خانووەكەی كە ناوی نابوو (قەلەندەرخانە) هەموو دەم ئەربابی قەڵەم و زەوق تیایا كۆئەبوونەوە، كە ئەبوو بە خێل خەوتنان دەستنوێژێكی ئەشۆرد و نوێژی ئەكردو قورئانی ئەخوێند لە پاش ئەمانە سەرەمەقالەی ئەنووسی بۆ ڕۆژنامەكەی))[١٣١].

---

[١٢٦]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤

[١٢٧]- دەروانرێتە: مستەفا سالح كەریم، باخێك لە ....، ل١١ و ١٢و ١٣و١٤ ، هەروەها: فایەق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی پیرەمێرد، ل٨و ١١ و ١٢.

[١٢٨]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل١٦

[١٢٩]- هەمان سەرچاوە، ل١٦

[١٣٠]- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، ل٤٤٥

[١٣١]- هەمان سەرچاوە، ل٤٤٦

**هەروەها لەبارەی تواناو سەلیقەی زۆری پیرەمێرد دەڵێت: ((زۆر وردبین بوو، زۆر گەڕابوو، گەلێ پیاوی گەورەو ماقوڵی دیبوو، داستانی كۆنی زۆر لەلا بوو، خۆی بۆخۆی تاریخێك بوو بۆ میللەتەكەی))[132].**

**لەبارەی قۆناغەكانی ژیانی پیرەمێردەوە دەڵێت: ((لاپەڕەی ژیانی پیرەمێرد چۆنێتی سێ چارەكەی سەدەی كوردەواری ئەگێڕێتەوە، كە لەسەرەتادا چۆن پابەندی دیمەنی خاڵ و خەت بوون و بەرەبەرە بە پێی قانونی گۆڕان، چۆنێتی ئەو ژیانەیان گۆڕیوەتەوە بە شعورێك، كە هەستی شلەژانی لێ بێت و لە پاشا تەعبیر لە ئەفكاری كۆمەڵ بداتەوە، كە دەروونی هەڵقرچاویان بۆكڕووزەی ژێركەوتنی نیشتمانی لێوە دێت، ئەمە وەكو لە پیرەمێرددا هەیە هەموو شاعیرێكی تر بەم جۆرە چۆنێتی دەوری خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە، چونكە ئەوان بولبولی باخی میللەت یان زمانزانی دەردو مەینەتن))[133].**

**پیرەمێرد لەبارەی ژیانی شیعریی خۆیەوە دەڵێت: ((لەمنداڵییەوە ئەلفەتم لەگەڵ شیعرو ئەدەبیاتی ئێرانیدا بوو، كە ئێران جلوەگاهی شیعر بوو، نازانم چ دەردێك بوو بە منەوە نووسابوو، هەر لە منداڵییەوە من دڵم دابووە شیعرو گۆرانی، دەنگی خۆشیشم لەبەر شیعر خۆش ئەویست تا (مەولەوی)م نەناسیبوو (نالی)یم لا پێغەمبەری شیعری كوردی بوو))[134].**

**لەبارەی ئاستی رۆشنبیری پیرەمێردەوە محمدی ملا كریم دەڵێت: ((لیكۆلینەوەی بیری پیرەمێردیش لیكۆڵینەوەی لایەكی پڕ بایەخی ژیانی رۆشنبیری نوێی گەلی كوردەو، تەنانەت لە پاش مردنی پیرەمێردەوە تا ئەمڕۆ و بەدرێژایی لەچل ساڵە پترە كەسێكی وا لەناو رۆشنبیرانی كوردا هەڵنەكەوتووە كەلێنی كۆچكردنیمان بۆ پڕبكاوەو، ئەمە بۆ خۆی شایەتی مەزنی ئەو دەورەیە پیرەمێرد لە ژیانی رۆشنبیرماندا گێڕاوێتی))[135]. گۆرانی شاعیر لەبارەی تواناو هەوڵەكانی پیرەمێردەوە دەڵێت: ((بە بیست ساڵی پیری و تەقاوتی بە تاقی تەنیا ئەوەندەی بەری ڕەنجت بۆ كردینە كۆشی نەتەوە، كە كۆمەڵێك بە عومرێكی درێژ نەتوانێ خەوی پێوە ببینێ))[136]. هەروەها دەڵێت: ((ناڵێم سەرانسەری ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایی بۆت لوا، بە ئاسایش و ئارام سەر بەسەر كاغەزا شۆڕ بكەیتەوە، لەگەڵ بەرچنینی بەهرەی خۆت خەریك بیت، بەڵكو بە پێچەوانەوە نە تۆ ئەوەندە بۆ ملكەچی خولقابووی- بەدرێژی لێو بە لێوەوە دادرووی، ورتە نەكەی – نە هێزی زۆر و ستەم ئەوەندە لێبوردە بوو هەتا سەر چاو لە تۆ بقوچێنێ، ئەو تاوانانە كەم نین، كە تیایانا تۆ بەرامبەر بە جەوری بێ ئەندازە خۆت ڕائەپسكاند، كاربەدەستی كاتیش بەهەموو دڵڕەقی خۆیەوە دڕك و گڕێ و قۆرتی زۆری لەسەر ڕێتا ڕیز ئەكرد))[137] لەو سەردەمەی ژیانیدا كۆمەڵێك خرا پەكار لەلای شیخ محمود زۆر لەبارەی پیرەمێردەوە دەڵێن وبۆی تێدەچێنن تاشێخی لێ دلگرانوو تورەبكەن زۆری بۆ تێدەچێنن پیرەمیرد دەچێت بۆ لای شێخ محمود وبە شیعری "ئەبێ بەخشندە مل كەچ كا لەڕاستی موچەخۆری خۆی ..."كەناسراوە بەفەلسەفەی شیعری كوردی، دڵی شێخ دێنیتەوە وشێخ ئەوەندە شیعرەكەی بەدڵ دەبێت ((ئەفەرموێ حاجی تۆفیق فەرموودانیشە، بەڵێ واملمان كەچە لەئاستت))[138]**

---

[132] – هەمان سەرچاوە، ل٤٤٦

[133] – عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەب، ل٤٤٩

[134] – فایەق وشار و ئەوانی تر... دیوانی پیرەمێرد، ل٨

[135] –محمدی ملاكریم، بیری كۆمەڵایەتی وسیاسی پیرەمێرد، چاپی یەكەم، چاپخانەی (دار الحریە)، بغداد ١٩٩٢، ل٧

[136] –هەمان سەرچاوە، ل٤٨

[137] – فایەق وهۆشیار و ئەوانی تر، دیوانی پیرەمێرد، ل٤٨

[138] – فایەق وشار و ئەوانی تر... دیوانی پیرەمێرد، ل١٨٥

لەبارەی بەكارهێنانی نازناوی پیرەمێرد((ئەو كات رۆژنامەی"ژیان"لە سلێمانی لەلایەن شارەوانییەوە بڵاو دەكرایەوە ...تا ساڵی ١٩٣٢ لە پاش كۆچی دوایی حوسێن نازم رۆژنامەكە كەوتە دەست حاجی تۆفیق لە ماوەی پێشوودا شاعیر هەموو نوسینێكی بەناوی حاجی تۆفیق بەگبڵاو دەكردەوە بەڵام لەدوای ئەوەی رۆژنامەكە كەوتە دەست خۆی(١٩٣٢) بۆیەكەم جار نازناوی كرد بە پیرەمێرد، كەشیعری"بەیانی بوو لە خەوهەلسام...،ی لە "ژیان"دا بڵاوكردەوە نازناوی پیرەمێردی بەكارهێنا))[139].

لە پاش ماوەیەك رۆشتۆتە ئەستەمبوڵ ولەوێ چۆتە زانكۆی حقوق ولەو ماوەدا گەلێ وتاری بە زمانی فارسی وكوردی و توركی لە رۆژنامەو گۆڤارەكاندا نوسیووە"[140].هەرلەو ماوەیەدا لە كاری میریدا كۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی دیووە لەوانە:[141]

- لەئەیلولی (١٩٠٩ز) بووە بە قائیمقامی جۆڵە مێرگ
- لەنیسانی (١٩١٢ز) دا بووە بە قائیمقامی قەرە مورسل.
- لە شوباتی (١٩١٥ )دا بووە بە قائیمقامی بالاوا.
- لە ئەیلولی( ١٩١٦ز)دا بووە بە قائیمقامی بیت الشباب.
- لە مارتی (١٩١٧ز)دا بووە بە قائیمقامی گموش كوی، لە هەمان ساڵدا بەهەمان پلە چۆتە ئیتە پازاری، هەگەلی ئوتە كە دورگەیەكی خۆش وناوداری توركیایە.
- لە نیسانی (١٩١٨ز)دا بووە بە پارێزگاری(موتەسەریف)ی شاری ئەماسییە لە توركیا تاكو ساڵی(١٩٢٣ز) لەوێ بووە.

پاشان كە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی وەزیفەی حكومی نەدیوە و((خزمەتی پێ گەیاندنی نەخوێندەوارەكانی كردووە بەناوی (زانستی كوردان)ەوە ریاستی قوتابخانەیەكی ئەهلی كردوە))[142]. لە بارەی گەورەی پیرەمێردەوە رفیق حلمی دەڵێت:((أوەندە أتوانین بڵێین كە (پیرەمیرد)أستیرەییكی زۆر گەشە بەاسمانی شعر وأدبی كوردەوەو بەبێ ترس ولێكدانەوە دەتوانین بڵێین كە أگرأو(خورهەڵات ناسانە)ی شیعری (علی ترموكی) شاعری هەرە بەناوبانگی كوردیان بەرچاو كەوتووە وبەیەكێك لە گەورەترینی شعرای خۆرهەڵاتیان داناوە، چاویان بەشعری پیرەمێرد بكەوتایە شكم نیە كە أمیان لەخوار أوەوە دانەدەنا وزۆرجێ ی بڕوایە كە(پیرەمیرد)یان لە ڕیزی یەكەمی شاعرەكانی خورهەڵاتا بنواندایە))[143]، جگە لەشیعر وبواری رۆژنامەگەری وكاروباری میری و زانستی، پیرەمێرد چیرۆك وچیرۆكی تەمسیلیشی نوسیوە (كۆششی پیرەمێرد لەڕووی كەرەسە بۆ شانۆكردنەوە سێ لایەن یەك دەخات ئەوانیش ( مێژووی نەتەوە وفۆلكلۆری گەل وكەرەسەی تازە لەم دوو رەگەزە دروست كردن))[144].

---

[139]- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی،بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، هەولێر٢٠١٠،ل١٠٧

[140]- صدیق بۆرەكەیی(صفی زادە)، ل٦٢٦

[141]- ماڵپەڕی نووسین، ژیان بەرهەم داهێنان، http://www.nusin.net/dang

[142]-رفیق حلمی، شیعرو ئەدەبیاتی كوردی،چاپی یەكەم، چاپخانەی(التعلیم العالی)، هەولێر١٩٨٨ ، ل٨٢

[143]-هەمان سەرچاوە، ل٨٣

[144]-د.عیزەدین مستەفا رسول، ئەدەبیاتی نوێی كوردی، ،ل٧١

لە چیرۆك وچیرۆکی تەمسیلییەکانیدا ڕەوتی نوێگەری بەئاشکرا سیمایەکی دیارەو بانگەشەی سەرهەڵدانی بیری تازەی نەتەوەیەتی و ڕەوتی تازە بوونەوە بووە، لە ئەدەبدا چالاکییە جۆراو جۆرەکانی بە ئاشکرا بانگەشەی ڕزگاربوون بووە لە ڕەوتی کۆن وسەرهەڵدانی ژیانێکی نوێ و بەردەوام هەوڵی داوە کەلە پوورو فۆلکلۆری کوردی و فەرهەنگی زمانی لادێییەکان زیندوو بکاتەوە بۆیە سەرجەم لایەنەکانی نوسینی پیرەمێرد ئەم تازەگەرییەی تیا بەرجەستەبووە، پیرەمێرد خاوەنی پەندە بەناوبانگەکانییەتی، کەتائێستاش بەسەر زاری زۆرێك لە خەڵکییەوە وەك سەرچاوەیەکی ڕەوشتی و پەندو ئامۆژگاری بەکاریدەهێنن.

## تەوەری دووەم

## دەرکەوتەکانی نوێگەریی لای پیرەمێرد

پیرەمێرد ((جگە لە خوێندن وەك شاعیرێکی هەست ناسك ئارەزووی تێکەڵبوونی ڕووناکبیران بوو، دوای ئەوەی لە ئەستەمبوڵ جێگیر بووەو هەستی بەوە کرد شەپۆلی تازەو نوێخوازی لە بەرهەمە ڕەنگینەکانی سەردەمی ڕێنیسانسدا ڕەنگی داوەتەوە تازەترین ئەدەبی ئەوروپایی لەوێ دەکرێت بە تورکی و لەبەردەست خوێنەرانایە... هەتا ڕووناکبیرە عەرەبەکانیش لە عێراق ڕوویان کردبووە ئەوێ و بەگشتی سەرچاوەی خوێندنەوەیان لەوێوە پێ دەگەیشت...ئەمجا، کە حاجی تۆفیقی خۆمان ئەم ڕاپەڕین و بوژاندنەوە ڕوناکبیرییەی هەست پێ کرد، زۆر پێی شادومان بوو، بەتایبەت کە بووە گوڵی کۆڕ و ئەنجومەنی ئەو ئەدیب و ڕوناکبیرە کوردانەی لەوێ بوون، سەرەڕای ئەدیبە تورکەکانیش))[145] هەروەها لەبارەی هەوڵە بەردەوامەکانی پیرەمێرد لە تورکیا مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: ((لەکاتێکدا گوڵبژێری ڕۆژنامەکانی (ژیان) و (ژین)م دەکرد، لە ساڵی ١٩٢٦ تا ١٩٥٠ ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ئەم پیاوە لە تورکیا کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوە، هەمیشە لە کۆڕو کۆمەڵدا بووەو بەپێی ئەو نووسینانەی خۆی کە پشتی پێ دەبەستری، هاوڕێی چەندین زاناو ئەدیبو ڕوناکبیرو تێکۆشەرو ڕۆژنامەنووس بووە))[146]

- زمانی شیعری: پیرەمێرد لە بارەی بایەخدانی بە زمانی کوردی((ئەوەندەی بەتەنگ پاراستنی جوانی زمانی کوردییەوە بوو، ئەوەندە زیاتر هەوڵی داوە کەشیعرەکانی ساکارو بێ گرێ بن و ڕاستەوخۆ بگەنە خەڵکی... مەبەستی بووە گشت لایەك ئەوە بزانن کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە، زمانی شیعرە، زمانی پەخشانە))[147].زمانی شیعری لەلای پیرەمێرد بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت.

١) قۆناغی لاسایی کردنەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، پیرەمێردی شاعیر لە بارەی نالی یەوە دەڵێت((ئەگەر شیعر بە غایەوە، بە وەسیلەوە نا عەدەدبکرێت ئەگەر شیعر عیبارەت بێت لە سنعەتێکی بەرزی بەدیعی، و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرتێکی ئەعزەم بێت بێگومان نالی گەورەترین شاعیری کوردە))[148] ئەگەر سەیرێکی ئەو بۆچونەی پیرەمێردی شاعیر بکرێت لە بارەی نالی یەوە بەراورد بکرێت بەبەکارهێنانی زمانی

[145]– مستەفا ساڵح کەریم، باخێك لە وشە، ل٢٢

١٤٦_ هەمان سەرچاوە، ل٢٢

[147]–هەمان سەرچاوە، ل٩٤

[148]– ئاسۆ عمر مستەفا، ٢٠٠٩، ل٩٠

شیعری پیرەمیرد لە سەردەمێکدا لەژێر کاریگەری کلاسیکدا ئەم زمانە شیعرییە تێکەلاو بە وشەو زاراوەی بێگانەی بەکارهێناوە بەڕونی دەرك بەوە دەکرێت زمانی شیعری کۆن تێکەڵاو بووە بە وشەو زاراوەی بێگانە،

پیرەمێرد لە شیعرێکی بەناوی لە (ناڵەی پیری پیران) زاراوەی بێگانەی بەکارهێناوە ئەمەش نمونەیەك لەشیعرەکە:

ئەوی تۆ نەی دەی بەنسیب نابێ
ئەگەر کەرەمی مەخسوسی شابێ
چەند خۆشە ئینسان حەقیقەت جۆبێ
بەشەوێ تەنیا هەر لەلای تۆ بێ
ئای! لەو لەزەتەو لەو زەوقی رۆحە
ئای! لەو نەشئەیەو های لەو فوتوحە
توو خوایەتی خۆت وام لێ بکە وابێ
نەشئەی پەنهانی تۆم لە دڵابێ"[149]

٢) قۆناغی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی: ((لە سەردەمێکدا کە وشەی عەرەبی و وشەی فارسی لەناو نوسینی کوردیدا تەراتێنیان دەکرد، پیرەمێرد بەدوای وشەی کوردیی بەکارنەهێنراودا دەگەڕاودەیخستە بەرچاو، لە سروشتی کوردستانا، لەدیهاتەکانا، لە زاری پیاوە دێرینەکانی دیهاتنشینا وشەی جوانی ئەقۆستەوە... پیرەمێرد بەو شێوەیە لە نێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا دەرکەوت، کەبەرگی کوردی پۆشتەو پەرداخ بەبەر شیعرەکانیا دەکات))[150]، هەر لەبارەی هەستی کوردانەی پیرەمێردەوە بۆ بەکارهێنانی وشەی کوردی، مامۆستا گۆران وتویەتی((شیعرەکانی زۆر تەوسیری لەلاوانی کورد ئەکردو جۆشی ئەدان، ئەگەر بەراوردێك بکەین لە بەینی شیعرەکانی ئەوو هی قوتابخانەکەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو(قەومی)تربوو، صنعاتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا))[151].

هەر ئەم جۆش وخرۆشەی وای لێکردووە وئەوەندە بڕوای بەگەلەکەی هەبوو چەندین پارچە شیعری نوسیوە بەئاشکرا ڕەنگدانەوەی ئەو هەستەی پێوەدیارە. نمونە بۆ نوسینی شیعر بە زمانی کوردی پەتی:

پیرەمێرد ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی لە مانگی نیساندا وتووە لە ساڵی ١٩٣٢ دا دەمەدەمی بەیان بووە کەلەخەو هەستاوەو لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ڕوانیویەتی ئەوا بەفر دارو بەردی دا پۆشیوەو هەمووی سپی ئەکاتەوە، ئەم شیعرە دەڵێ:

سبەینێ بوو، لەخەو هەستام کەڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێ ی بەڵقیسە تارای زیوی پۆشیوە

---

[149]- فایەق هۆشیار وئەوانی تر، ل٣٧٥
[150]-مستەفا سالح کەریم، ل٩٥
[151]-هەمان سەرچاوە، ل٩٦

دەمێك بوو چاوەڕێ ی بەفرێكی وابووم مژدەبێ باری
سەرم بەفرە كەچی هێشتا شەڕەتۆپەڵمە بۆ یاری
لە بیرمە شێرە بەفرینەم ئەكرد سواری ئەبووم بێ زین
نسێ بوو جێگەكەی ئەی بەست، ئەما تاكو دەمی هاوین
بەبەرگی سپیەوە چەند شۆخە شاخی گۆیژە بی بینە
لە ڕەنگی ئاسمان دولبەرترە، ئەو سپیە، ئەم شینە"[152]

- مۆسیقای شیعری: پیرەمێرد بایەخی زۆری بە مۆسیقای شیعری داوەو هەوڵی داوە لەم ڕێگەیەوە ئاوازی جوان ورازاوە بە شیعرەكانی ببەخشێ، هەروەها لە ژێر كاریگەری ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپی توانیویەتی نوێگەری و گۆڕانكاری بنچینەیی لە مۆسیقای شیعری كوردی بكات"[153]
  - ○ مۆسیقای دەرەوەی شیعر: كە ڕێكخستنی ڕووكاری دەروەی شیعر دەگرێتەوەو بریتین لە كێش وسەروا لیرەدا نمونەیان بۆ دەهێنینەوە لە شیعرەكانی پیرەمێردا.

١. كێش: لە بەكارهێنانی كێشدا( كێشی عەرەوزی عەرەبی وكێشی سیلابی خۆماڵی ) بەكارهێناوە

<u>بۆنمونەی كیشی عەروزی عەرەبی</u>

ئەم رۆ ژی سا ڵی تا زە یە نەو رۆ زە ها تە وە
- - ب/ - ب - ب/ب - - ب/ - ب –
جەژ نێ كی كۆ نی كور دە بە خۆ شی و بە ها تە وە

<u>بۆ نمونەی كێشی سلابی خۆماڵی</u> "[154]

ئەی نەوجوانانی وەتەن
سا پێشكەون ئازا بڕۆن
ئیوە بەرەو زانین بڕۆن
دەی تێكۆشن دوا مەكەون
لە سسێبەری سەربەستیدا "[155]

٢. سەروا: سەروا لە شیعری پیرەمێردا، بە سود وەرگرتن لە هونەری شیعری ئەوروپی توانیویەتی گۆڕانكاری ونوێگەری لە سەروای شیعری كوردیدا بكات و بە چەندین شێوە سەروای بەكارهێناوە لە وانە( سەروای یەكگرتوو، جوت سەروا، سەروای چوارین، سەروای موستەزاد،سەروای كۆپلەی پێنجی )[156].

[152]– محمد رسول( هاوار)، ل١٣٥

[153]– دەروانرێتە ئاسۆ عومەر مستەفا،ل١٠٧

[154]–دەروانرێتە هەمان سەرچاوە،ل١١٢

[155]– محمد رسول( هاوار)، ل٣٥٤

نمونە : بۆ سەروای یەکگرتوو

ئەڵێم دەرچم لە دنیادا، بکە ڕەحمێ هەتا ماوم
لە حەلقەی زوڵفی شێواودا، کەوا گیرۆدەیی داوم
نەماوە هۆش وعەقڵم، ئیختیاریشم لەدەست دەرچوو
بەتیشکی رۆژی ڕوخسارت، سەرا پا هەڵپروزاوم"[157]

نمونە : بۆ جوت سەروا

ئەی برادەران با بچینە یاری
نەوجوانیمان لێ بدا دیاری
وا لە مەیدانا ئێمە دەرکەوتین
بیکەینە گاڵە ئەوا سەرکەوتین"[158]

نمونە : بۆ سەروای چوارین

دەستێ نەتوانی لەبن دا بیبڕی
ئەبێ بیشۆیت وبەخاولی بیسڕی
کە ورچ لەسەر پرد رێی لە تۆ بڕی
ئەبێ ملوانکەی مورووی بۆ بکڕی"[159]

نمونە : بۆ سەروای موستەزاد

پیرە مێرد لە شیعری ( نەشیدی ماتەم )دا دەڵێت:[160]

ئەوا پایزە گوڵستان ڕەنگی زەرد
گەڵای دار وەری، بای سەحەر ئاهی سەردە
پەڕەندە لە هەردە
دڵ پڕ لە دەردە

نمونە : بۆ سەروای کۆپلەی پیپێنجی

گوڵم ناشتبوو، لە ساقی جوانا
پاراستم لە ناو سەرمای زستانا
ئەهاتنە سەیری لەبەر هەیوانا
خۆم هەڵدەکێشا لە ناو یارانا

[156] - دەرِوانرێتە ئاسۆ عومەر مستەفا، ل١٢٠ و١٢١ و١٢٢و١٢٣و١٢٤
[157] -فایەق هۆشیاروئەوانی تر، ل١٩٩
[158] - محمد رسول( هاوار)، ل٣٥٤
[159] - فایەق هۆشیاروئەوانی تر، ل١٦٤
[160] - دەرِوانرێتە ئاسۆ عومەر مستەفا، ل١٢٥

ئاخ چاوی پیسی لێکەوتبووە کار"[١٦١]

- مۆسیقای ناوەوەی شیعر: کە ((ریتمی شیعر پێکدەهێنێ و لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە، لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا مۆسیقای گشتی هەڵبەست پێکدەهێنن))[١٦٢]

نمونە :

یاخوا ئەو دەستەی ئەو پرچەی بڕی

هەر لە خوێنا بێ بە تەڕی وبڕی

یان دەڵێ

ئۆخەی بەسەر چوو زستانی بێ ژین

ئەمرۆ بەهارە غونچەی باغی ژین

نزیکە دەرچێ بە دیاری و خەڵات

بۆمان هەڵ بدرێ لە دیوی پەرژین"[١٦٣]

- وێنەی شیعری: لە شیعردا پرۆسەیەکە لە بەرجەستەکردنی لایەنی جوانی دەقدا دەورێکی گرنگی هەیە و بۆخۆی تاموچێژێکی زۆر بە دەق دەبەخشێ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ لای ئەو دیمەنانەی لە وێنەکاندا خەلق دەکرێن، شتێکی بەڵگەنەویستە خەیاڵ دەوری گرنگ و سەرەکی دەگێڕی لەم پرۆسەیەدا تا بیرو خەیاڵی شاعیر قوڵتر بێت، وێنەی جوانتر بەرجەستەدەکات، لە شیعردا هاوشانی ڕازاندنەوەو بەخشینی چێژی هونەری، وێنەگرتنی واقع ودەرخستنی سروشتی شتەکان لە قاڵبێکی وێنەییدا ودەربڕینی بە وشەو نەخشاندنی لەچوارچێوەی بیرو خەیاڵێکی جواندا ئەرکی شیعرە، چونکە ((وێنەی شیعری لە ساکارترین واتاکانیدا، نیگارێکە کۆڵەکەکەی وشەیە))[١٦٤].

هەرئەمەشە وادەکات بگوترێ: وێنە لە خودی خۆیدا بەرزی وبڵندی ژیانی قەسیدەیە.

پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەن خەیاڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەرو بیرێکی وردو جوانە، خەیاڵیش بنەمای سەرەکی وێنەی شیعرییە، بۆیە شاعیر گرنگی بەوێنەی شیعری داوەو وەکو لایەنێکی ئیستاتیکی، شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوەو زۆر سەرکەوتووانەو بەشێوەیەکی کاریگەر وێنەی سروشتی کوردستان و جوانی ئافرەت وخۆشی ونارەحەتی ودەردو مەینەتییەکانی گەلی کوردی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە"[١٦٥].

لەلایەنی تێۆری ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان کرد بۆ ئەوەی کە هەریەکە لە لایەنەکانی ڕەوانبێژی ( خوستن و لێکچواندن و درکە ) بەشداری کاریگەر دەکەن لە پێکهینانی وێنەی شیعری ئیستاش بە پێی هەریەکەیان

---

[١٦١]- هەمان سەرچاوە، ل١٢٧

[١٦٢]- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠

[١٦٣]- فایەق هۆشیارو ئەوانی تر، ل٢٥٣

[١٦٤]-حوسێن کەلاری، ل٧٥

[١٦٥]- ئاسۆ عومەر مستەفا، ل١٤١

نمونەیەكی شیعری لای پیرەمێرد دەهێنینەوە كەئەمەش لایەنێكی گرنگی نوێگەرییە لە شیعرەكانی ئەم شاعیرەماندا.

نمونە : لێكچواندن و وێنەی شیعری

ئاوە جوانەكەی سەرچاوەی زەڵم
بۆچ بەهار لێڵی و پایزان پڕ تەم
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی كوردانی
لە سەردا ساردو سەر لە ئەسمانی[١٦٦]

نموونە : خواستن و وێنەی شیعری

دیسان واكۆستی نوێمان كەوتەوە
گەڕی گەردوونە كوردی گرتەوە
ئەم دوو دارتەرمە دوو نەڕە شێرە
زنجیریان پچڕان گەینەوە ئێرە
لە رێی ئێمەدا گیانیان فیداكرد
ناوی بڵندیان وا بۆخۆیان برد[١٦٧]

نمونە : بۆ دركەو وێنەی شیعری

ئەستێرەیەكی گەش بە چیایی مانگی بەدرەوە
سەر گۆیژە كەوت و بۆ وەتەنی وەك مانگە شەوە
ئەسڵی لە نەسلی قوگبی شماله بە ڕەوشەنی
هەروەك بێچوە فكبە مەركەزی( زورا و نشینی )[١٦٨]

- ڕەمز: شاعیر ڕوو دەكاتە ڕەمز بۆ دەربڕینی ئەوبارە دەروونییانە. جگە لەوە ئەو وشە و زاراوانەی كە لەشیعر بەكاردێن وەكو ئەو وشانە نین كە لە ئاخاوتنی ئاسای یدا بەكاردێن چونكە شیعر هەواڵێك نییە بگێڕدرێتەوە بەشێوەی ڕا پۆرت و ڕێگەی ڕاستەوخۆ، بەڵكو سروش بەخشە لە ڕێگەی ڕەمزەوە لەمەشدا دیسان ڕێگەی ڕاستەوخۆ ناگرێتەبەر، بەڵكو ڕوو دەكاتە ئاماژەكردن و تیل نیشان و لێڵی، چونكە هونەر لە كرۆكەوە "تەنیا دووبارە كردنەوەی ڕاستییەكی ئامادەكراو یاخود دووبارەكردنەوەی واقیعێك نییە كە لە پێشدا هاتووە، بەڵكو دۆزینەوەی ڕاستییەكی تازەیە و گوزارشت كردنە لێی بە زمانی ڕەمزی"[١٦٩]. لەم بوارەدا پیرەمێردی شاعیر وەك

---

[١٦٦]- هەمان سەرچاوە، ل١٤٣ + محمد رسول( هاوار)، ل١٣٤

[١٦٧]- هەمان سەرچاوە، ل١٤٦

[١٦٨]- محمد رسول( هاوار)، ل٣٠٦

[١٦٩]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل٢٥٨

شاعیرانی تر بە هۆكاری سیاسی وكۆمەلآیەتی زۆر جاریش بۆبەخشینی جوانی و بەهای ئیستاتیكی بە دەقێك ڕەمزی بەكار هێناوە، هەندێك نمونەی بۆدەهێنینەوە.

نمونەیەك لە ( فەلسەفەی شیعری كوردی ) كە گوایە بۆ شێخ مەحمودی نوسیوە تا دڵی چاك بێتەوە بەرامبەر پیرەمێرد كاتێك نەیارانی پیرەمێرد تۆمەت وقسەیان بۆ هەڵبەستبوو لای شێخ، دەڵێن شێخ ئەوەندە شیعرەكەی بە دڵ بووە فەرمووەیەتی فەرموو حاجی تۆفیق دانیشە وملمان كەچە لە ئاستت.

ئەبیٚ بەخشندە مل كەچكا، لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی
سوراحی سەر فروودێنیٚ لە بۆ پیاڵە كە تێكا بۆی
كە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە ئەیزانیٚ چی تیایە
لەلای نەنگە كە پەروەردەی نوقمكا گەورەیی وایە
لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بیٚ ئەركی بەردودار
پەڵی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لەقەش بۆ سەر پەلی بەردار "[170]

- ناوەڕۆك: بابەتەكانی شیعری پیرەمێرد گەلیٚ جۆرن، هەڵبەستەكانی نیشتمانی ودڵداری وتەصویری وكۆمەلآیەتی و ویژدانی بەرزترینیانن...هەندیٚ شیعری تریشی هەیە وەك شیعری فێركردن( تعلیمی )...شیعری ئاینی"[171].

لە شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ ڕا پەڕینی گەلی كورد دەبێت، دەسەلآتدارانی ئەو سەردەمە كوشتارێكی زۆر لە گەلی كوردی ڕا پەڕیوو ئەكەن، كۆمەڵێكی زۆر لە خوێندەواران و مامۆستایان لەبەندیخانە توند دەكرێن، لەو كاتەش كاربەدەستانی میری وەفدێك بەناوی ( أشراف )وە دروست ئەكەن وئەیان نێرن بۆ بەغداد و پیرەمێردیش بەم جۆرە هەستی خۆی بۆ ئەو رۆژەو ئەو وەفدە دەردەبڕیٚ:

وەفدی كوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەكیلی شاری خامۆشان
چە پكیٚ لە گوڵەكەی باغەكەی سەرا
كە بە خوێناوی لاوان ئاودرا
بی بەنە خزمەت عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردەو تارای سور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن پاش كوشتار هێشتا تۆی دڵگیر
دەك خەجاڵەت بی لە ڕووی مەحشەرا
ا یمە خاكی غەم ئەكەین بەسەرا
ایوەش ئەو عەرشی بەخوێن گوڵڕەنگە

[170]- محمد رسول( هاوار )، ل٧٢
[171]- هەمان سەرچاوە، ل٩٦

سوجدەی بۆ ئەبەن هیچ نالێن نەنگە
کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نوسراوە
من ڕەنگی سورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەس ئەکەوێ [172]

**وەسفی سروشت**

دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە
سەرەو خوار ئەڕوا بە پێچ ودەورە
تۆ بەڕووناکی وێنەی بلووری
ئاوی زیندەگی گشت شارەزووری
ئەنالم ئەڵێم تۆ وەك ئاوێنەی
بۆ شوێن دەستکردی کردگار وێنەی
بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف.... [173]

**دڵداری**

دانیشتبوین لەگەڵ یار من سەرمەستو ئەو هۆشیار
بەتیلەی چاوی بیمار دڵمی فڕاند بە یەکجار
شوێنی دڵ کەوتم ناچار

**کۆمەلایەتی**

لەو ساوە کە شاری سلێمانی دروستکرا
کوشتاری ئێمە بوو بە شەڕی دوو برا
سالیك بە توورەکانە بەماڵ ومناڵەوە
ئەژیاین بە ڕیزە ریزکەری کەوشبوین لە ماڵەوە
دیوار بڕێك بە دزیەوە گەسکی لە ماڵ ئەداین
شەو خەنجەرێك بە دزیەوە باوکی لە چاڵ ئەناین [174]

ئەنجام

[172] - دەروانرێتە هەمان سەرچاوە، ل١٠١
[173] - هەمان سەرچاوە ل١٢٤
[174] - هەمان سەرچاوە ل٢٥٢

لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە

١- سەرهەڵدانی نوێگەری لای پیرەمێرد، بەهۆی فراوانبوونی بیر وئاسۆی بیرکردنەوەی بووە لە ئەنجامی کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی و ئەو شارەزاییەی لە ئەدەبی ئەوروپی هەیبووە، کە ئەویش هەر لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە بووە، ئەگەر بەوردی بۆ سەرەتای ئەو تازەکردنەوەیە بچین، ئەوا( پیرەمێرد )و( عبدالحمن بەگی نفووس )و( شێخ نووری شێخ ساڵح )و (گۆران )و( ڕەشید نەجیب )و( عبدالواحد نوری )بەڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەژمێردرێن و هەمووشیان بەئاشکرا کاریگەری ئەدەبی تورکییان بەسەرەوە بووە.

٢- سیمایەکی گرنگی نوێگەری لە شیعرەکانی پیرەمێرددا بایەخدان بووە بە زمانی کوردی پەتی و گەڕانەوە بووە بۆ فۆلکلۆر و دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی بیگانە، پیرەمێرد بەسەردەستەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕووی زمانێکی سادەو ڕەوانی کوردی و بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی بەکاریگەری شاعیرانی زاری گۆران دەژمێردرێت.

٣- پیرەمێرد جگە لەوەی شاعیرێکی نوێخوازی گەورەی گەلی کوردبووە لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس وسیاسی ومامۆستایەکی بەتوانا بووە، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، بەردەوام بووە لە هەوڵ وکۆششەکانی لە پێناو خزمەتکردنی زیاتر بە میللەتەکەی.

٤- پیرەمێرد لەگەڵ گرنگیدانی بە ڕوخسار، گرنگی بە ناوەڕۆکیش داوە، ئەم لایەنەی فەرامۆشنەکردووەو نوێگەری لە هەردوو ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعردا ئەنجامداوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


١- ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٢.

٢- ئازادعەبدلواحید کەریم، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك٢٠١٤.

٣- ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم-بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دارالجاحظ) بغداد، ١٩٨٥.

٤- ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٥- ئەرستۆ،هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١١.

٦- پەرێز سابیر،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپخانەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.

٧- پیتەر هاڵبێرگ ودانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی،وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی٢٠١٠.

٨- پیتەر کریستۆ، مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە، وەرگێڕانی، شۆڕش جوانڕۆیی، چاپی یەکەم، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٣.

٩- حەمە حەمە ئەمین قادر(کاکەی فلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٠.

١٠- حوسەین کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١١.

١١- رەزا سید حسەینی، قوتابخانە ئەدەبییەكان، وەرگێڕانی حمەكەریم عارف، چاپی یەكەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٢- رفیق حلمی، شیعرو ئەدەبیاتی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی( التعلیم العالی )، هەولێر١٩٨٨.

١٣- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.

١٤- شكری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ماردین ، هەولێر، ٢٠١٠.

١٥- شوكریە رسول، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب ، مگابع تعلیم العالی ، اربیل ، ١٩٨٩.

١٦- صدیق بۆرەكەیی( صفی زادە )، مێژووی وێژەی كوردی، بەرگی دووەم چاپی یەكەم، چاپخانەی چهر تبریز، ١٣٧٠.

١٧- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، چاپی یەكەم، چاپخانەی الجاحڤ، بەغداد، ل١٩٧٢.

١٨- عەلائەدین سجادی، نرخ شناسی، چاپی یەكەم ، چاپخانەی مەعارف، بغداد، ١٩٧٠.

١٩- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی ، چاپی یەكەم، چاپخانەی بڵاوكردنەوەی كوردستان، سنە١٣٨٩كۆچی هەتاوی.

٢٠- عوسمان دەشتی، شیعری ناوچەی موكریان( نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم )، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢١- عیزەدین مستەفا رەسوول، ئەدەبیاتی نوێی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی التعلیم العالی، هەولێر ١٩٨٩.

٢٢- فایەق هۆشیارو ئەوانی تر... دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی الزمان، بغداد١٩٩٠.

٢٣- كامل حسن عزیز البصیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨١.

٢٤- كامل حسن عزیز البصیر، رەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی كردن، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٢.

٢٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٦- مالكم برادبری وجیمس ماكنارلن، مۆدێرنیزم، وەرگێڕانی بەهزاد حەوێزی، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلاَت، هەولیر، ٢٠٠٨.

٢٧- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، چاپی یەكەم، چاپخانەی العانی، بغداد، ١٩٧٠

٢٨- محەمەد عەبدولكریم ئیبراهیم، پێكهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٢.

٢٩- محمد معروف فتاح، لیكۆلینەوە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوەوئامادەكردنی،(شیروان حسین خۆشناو- شیروان میرزا قادر)، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٠- محمدی ملاكریم، بیری كۆمەلاَیەتی وسیاسی پیرەمێرد، چاپی یەكەم، چاپخانەی ( دار الحریە )، بغداد ١٩٩٢.

٣١- مستەفا سالَەح كەریم، باخێك لە وشە گەشتێك بە ژیاننامەی پڕ شكۆی پیرەمێرددا، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٤

٣٢- هەڤاڵ ئەبوبەكر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەكان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، سلێمانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان٢٠٠٧.

٣٣- هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی كوردی ،چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر٢٠١٠.

٣٤- هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەكان، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆژهەلاَت، هەولێر٢٠١٤.

٣٥- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.


## دووەم : سەرچاوە عەرەبییەكان


٣٦- سالم احمد الحمدانی، مزاهب ألادب العربی، گبع الاول، مگبعە التعلیم العالی، موصل، ١٩٨٩.

٣٧- سی دی لویس، الصورە الشعریە، ترجمە :احمد نصیف الجانی واخرون، گ١ مؤسسە الخلیج للگباعە والنشر، الكویت١٩٨٢.

٣٨- عدنان حسین العوادی، لغە الشعرالحدیپ فی العراق، گ١ ، دارالحریە للگباعە، بغداد١٩٨٥.


## سێیەم : گۆڤارەكان

٣٩- حەمەی کەریمی، نوێخوازی و دەرکەوتەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا، گۆڤاری هەنار، چاپخانەو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ژمارە( ٩٢ )ی٢٠١٣

٤٠- عبدالقادر حمەئەمین محەمەد، دیاردەی نوێگەری لای شێخ نوری شێخ سالح، توێژینەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە( ٥ )٢٠١٤.

٤١- عادل گەرمیانی، وێنەی بیری لە هزری مرۆڤی کۆندا، گۆڤاری کاروان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ژمارە ١٧١ی ساڵی٢٠٠٣.

٤٢-عبدالموتەلیب عەبدوڵلا، چەمکی دەق وئیستاتیکای خوێندنەوە،گۆڤاری نووسەر، یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی، چاپخانەی سیما، ژمارە ١٠ی٢٠١٤

## چوارەم: نامەی خوێندنی باڵا

٤٣-دڵشاد علی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، نامەی دکتۆرا، ساڵی ١٩٩٦.

## پێنجەم: فەرهەنگ

٤٤- جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن( ئینگلیزی- کوردی عەرەبی )

٤٥- فاچل نڤام الدين، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە( کوردی – عەرەبی )

٤٦- هەژار، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ( کوردی- فارسی )

## ئەنتەرنێت

٤٧-ماڵپەڕی نووسین، ژیان بەرهەم داهێنان، http://www.nusin.net/dang